# پاشخان و بنەمای زانستی و دێرینی جەژن یەڵی کوردەواری

## چەژنی خاوەنکاری کاکەیی - یاری
## جەژنی ڕۆژووی ئیزدایەتی
## جەژنی کریسمەس
## و پاشخانی مێژوویی هاوبەشیان

Serê salê , binê salê ، Xwedê lawekî bide kebaniya malê..

Kebaniyê dest zêrînê , destê xwe bavêj kulînê , para qirdik jê derînê..

Serê salê, binê salê , Xwedê bihêle xortê malê..

(( folklorî kurdî , diyariyek j hêja Konê Reş, Qamişlo ))



مەزارگەی یاری



مەزارگەها لالەش

ناوەرۆک


1. **جەژن ؟ لۆ ؟** ........ 1
2. **برە زانیاریەک لەمەر بزاڤا گۆی زەوی و گەردوون** ........ 3
3. **مرۆڤ و گەردوون** ........ 7
4. **چێرۆکی زانیارێکی فرە کەڤن ئا مرۆڤایەتی** ........ 8
5. **بنگەها کەڤنئاراێد چاند و فەرەهەنگا کوردی** ........ 11
6. **ئاڵای کوردستان و پاشخانی دێرینی** ........ 12
7. **جەزیری و خانی و فەرهەنگ و زانیاری کەڤن** ........ 16
8. **خانی و نەورۆز و چیرۆکێکی دێرین** ........ 18
9. **خانای خان قوباد و ویلیام شکسپیر و ئادام سمیس** ........ 19
10. **ئەستێرەی بەیان و ئەستێرەی کاروان کوژە و کات ژمێری شڤان و وەرزێران** ........ 22
11. **جە چاخی کەڵەشێرەوە ژ بۆ سەردەمی قەل ( قەلەموون – عەلی شیش )** ........ 24
12. **هێمای کەونئارایی زمانی کوردی چوونە زمانی ئایینی یاری و ئیزدانی** ........ 25
13. **فەرمان لە سەر فەرمان ،  پ ک ک و کمۆنیستی ترکان** ........ 26

## جەژن ؟ لۆ ؟

((عیده و دا عالەمێ بانگێ سەفایێ خاس و عام )) – مەلای جەزیری

واتای جەژن ، واتای خۆشی و ئەرخایەنی یە لە دۆخێکی تایبەتی کە بەرژەوەندێکی تایبەتی دەستەبەر ئەکاتن و ولۆ تێتە ناسین و زانین . ئەم واتایە لە ناو فەرهەنگ و داب و نەرێتی کوردەواری دا لەودا خۆ ئەنوێنێ کە هەر کاتێک کەسێک بە سەر و چاو و ڕووی خۆشەوە ئەبێنرێ وەپێ ئووشن کە ئەوە چیە ، جەژنتە . هەر وسا ژی کاتێک کەسێک چتێک خۆش و دڵخواز ئەرای دەستەبەر ئەبێتن ، دەبێژێ کە ئەو کاتە جەژنیەتی . ئەم فرمانە ، کۆمەڵگایچ وەک یەکیەکی گشتی مرۆڤ ئەگرێتەوە . جەژن لە کۆمەڵگادا، لە ڕاستی دا ڕەنگدانەوەی فەڕ و پێز و بێری هاوبەشی کۆمەڵگایە . هەر جە کۆنی کۆنەوە مرۆڤ ئەوەی کردوە بە خوو و نەریتی خۆی کە شایی و جەژنان بگێری ئەڕای خۆشی و دەسکەوتی مادی و بیر و هزریی خۆی . ئیرۆ ژی ئەمێ دەبینین و ئەزانین کە پەی وینە ، کاتێکە زانیارێک ، ئانکو کۆمەڵە لێکۆڵەر و توێژێنەرەک بەری ئەرێنی کار و فرمانەکەیان ئەچننەوە ، شای و جەژنی لۆ ئەگێرن . ئی دە واشیان هەس کە وەکی ئارکیمیدەس (Archimedes) لە خۆشیان تووشی هەڵچوونێکی دەگمەن ئەبن کە خۆیان پێ ناگێرێت و دەس ئەکەن بە هاوار هاوار ، بینیمەوە ، بنینمەوە ، (**eureka**) وەکی سەرشێتان ئەکەفنە سەر جادە و کۆڵانان . کاردانەوەی مندال و زارۆکان جە هەمبەر بویەرێکی خۆش و دیاری و خەلاتێکی بابی دڵیان ، مینا کاردانەوەیەکی سروشتی مرۆڤ ، لەوانەیە چاکترین نموونە و مینا بێتن لەم بوارەدا .




وێنەی خەیاڵی ئارکیمیدەس لە کاتی دۆزینەوەی یاساکەی

ژ کۆمەڵگا ژی هەر کات کە دەسکەوتێک ، فەڕ و بێرێک ، بەرژەوەندی گشتی مسۆگەر و دابین ئەکات ، ئەبێتە هۆکاری خۆشی و جەژنی کومەڵایەتی . هەر لەم ڕێکی یە دوور کەوتنەوە لە شەڕ و هۆکاری ناخۆشی ئەبێتە هۆکاری خۆشی و جەژن بەو واتایە کە لە نەمانی شەڕ و ناخۆشیدا ، پێچەوانەکەی واتە خۆشی تێتە ئاراوە . گۆر ئی یاسا و ڕێسای نەنووسراوی کۆمەڵگا ، کۆمەڵگای کوردەواریش جوورە گشت کۆمەڵگایەل تری مرۆڤایەتی ، ژمارەیەک ڕۆژی لۆ جەژن و شایی خۆی دیاری کردگە . دوو سێێکیان وەک رەمەزان و قوربان و مەلوود ، داسەپاون و عارەب بە زەبری شێر و تیر و خوێن و کوشت و بڕ ، بە سەر کوردیاندا داپریوە . سەرەرای ئەم ڕاستیەش ، مەردم کورد ، تایبەتمەندی نەتەوەیی و فەرهەنگی خۆی بەو جەژنانەوە ناوە و کوردانە ئەو چەژنانەش بەڕیوە ئەبات و مۆرکی فەرهەنگی کوردی پێوە ناون .

جەژنی نەورۆز دیارترین و بەرفرەترین جەژنی نەتەوەیی کۆمەڵگای کوردەواریە . جەژن یەل یارسان و ئێزدایەتی جە ئاستێکی بەرتەسک ترا ژ ئالیێن مرۆڤێن کوردڤە تێتە بەڕیوە برن . جەژنی نەورۆز و جەژن یەلی بەهارە و هاوینە و پاییزە و زستانەی ئایین یاری و ئێزدایەتی بنەما و پاشخانێکی هەرە کۆنیان هەس و ئەزڤرێنەڤە سەردەما هەری بەرێ ین شارسانیەتا مرۆڤایەتی و زانیاری و زانستی مرۆڤایەتی جەو سەردەمە .

لەوەتی مرۆڤ مینا گیان لەبەر و بوونەوەریەکی دووپا و بیرمەند جە بان ئەم گۆی زەوی یە سەری هەڵداوە، لەوە گەیشتوە کە ژیان و بوون و نەمان و بەختەوەری و کوێرەوەری و بەردەوام بوونی ، بە سروشت و دۆخە رەنگاورەنگ و تژی گۆڕانکاری وەرزی و باو و لە ناکاو و چاوەڕوان نەکراوەکانی یەوە گرێ دراوە و ئەوە هۆکارگەلی سروشتن کە بار و دۆخی گشتی ژیان دیاری ئەکاتن . مرۆڤی بیرمەند هەر زوو لەوە تێ گەیشت کە ئەشی خۆی وەگەرد یاسا و ڕێسای سروشت ڕیک بخات . هەول دان لەم بوار و ئاقارەوە ، مرۆڤی بیرمەندی بەرەو ئەو پاڵ پێوەنا کە گۆڕانکاری سروست بە ورد و درشتەوە ، بە خول و گەڕی ئاسایی و نائاسایی و نەکاو ، تاوتوێ بکات و لێیان تێ بگات و خۆی لۆ خۆگەنجاندن وەگەرد ئەو گۆڕانکاریانە ساز بکات و فرمانی پێویستی لۆ ڕێک بخات . پاشەکەوت و پاراستنی پێخور و شمەک و پێداویستی ژیاری ژیان لۆ وەرزی کەم وکووڕی و قات و قڕی ، یەک ژ وان ئەرک و فرمان بووگە کە مرۆڤ هەر زوو لۆ خۆی دیاری کردووە وەک پێداویستی ژیانی مرۆڤانەی .

جە ڕێچکا کۆم کرنا زانیاری و زانست لە مەر سروشت و گۆڕانکاریەکانی ، مرۆڤ ڕووی کردە ئاسمان و زمانی هەسێرەکان کە بە شێوازی تایبەتی خۆیان بە ئێکڕا ، کات و ساتی گۆڕانکاریە یاسایی یەکانی سەر گۆی زەوییان دیاری ئەکرد . ئەم دۆزینەوەی مرۆڤ کە ئەوە ئاسمان و گەڕ و سووڕ و شوێنی تایبەتی ستێرکێن ئاسمانن کە ڕووداویەل سەر گۆی زەوی دیاری ئەکەن ، ئەشی لۆ مرۆڤایەتی بە یەکێک لە دۆزینەوەیەل هەرە هەرە گرینگ دابنرێ و لەوانەشە جەژنێکی هەرە گاورە ئەرای گێڕابێتن . جەو کاتە بەدواوە ئیدی ئاسمان و ئەستێرەکانی جە فریای مرۆڤایەتی کەفتن و مرۆڤایەتیان بە زانستێکی هەرە کاریگەر تەیار و پەرداخت کرد ، زانستی ئەستێرەناسی .

هۆکاری ئەوەیچ کە مرۆڤایەتی ڕووی لە ئاسمان کرد لۆ زانیاری پێویست لە سەر گۆی زەوی ئیسەیچ وەگەرد ئیمەس و ئەو ژی هیزی ڕاکێشانی گۆی زەویە (gravity) . کاریگەری ئەم هێزە لە سەر ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ و جیهانی دەوروبەری ولۆیە کە مرۆڤ هەست بە جوولان و گەڕ و سووڕی گۆی زەوی ناکات و ئەو هەستە درۆزنانەی لا دروست ئەکات کە ئەوە جیهان و ئاسمان و گەردوونە کە وە دەور زەوی دا ئەسووڕێنەوە . ئەم ناشارەزایی و هەستە درۆزنانە و کورت هێنانی ژیاری (biologic) مرۆڤ کۆسپی هەرە گاورە بووگن کە مرۆڤایەتیان لۆ ماوەیەکی باش قەتیس کرد . ئەو ئایینانەی کە لە سەر ئایینی جوولەکە سازکران وەک کریستیان و ئیسلام ، بنەماکەیان لە سەر ئەم کورت هێنانەی مرۆڤایەتی هەڵ چنی و لۆ هەزاران ساڵ ئاکاری ئافرێنەر و پشکێنەری مرۆڤایەتیان تاساند . چیرۆکی تاڵی گالیلە (**Galileo Galilei**) و لێ پێچانەوە و تاوان بارکردنی لە لایەن پیاوانی ئایینی چەق بەستوو بە بیرۆکەی داسەپاو ، ڕەنگ دانەوەی ئەم ڕاستیەیە . ئی دە کیپلەریش (**Johannes Kepler**) شکاندنی ئەو بیرۆکە چەق بەستوەیە کە دەرگای پێشکەفتن و بەرەوپێشەوە چوونی زانستی مرۆڤی ئاوەڵا کرد و گەیاندیە ئەم ئاستەی ئێستا .



وینەی خەیاڵی لێ پێچانەوی گالیلە

بەراوەرد کردنی ئەو پیاگە ئایینیانەی کو لە گالیلەیان پێچاوە وەگەرد مەلای جەزیری و فقێ تەیران کە هاوچاخی گالیلە بوون ، بابەتێکی پێویست و سرنج ڕاکێش ئەبێت . ئەمان لە کوردستان هەڵگری بیر و هزری زانستی باوی سەردەمی خۆیان بوون و هیچ بە دوور نیە کە شانازی "باش مەلای دوانزە عێلمیان"

به گالیله دابا و دەیان هۆزانی خوەش و لەباریان ئەڕای تلەسکۆپەکەی گالیله بهۆنیا که دەروویێکی بەرفرە و پێویستی لۆ بینینی گەردوون ئاوەڵا کردبوەوە . دواتر ئاستی زانستی جەزیری و فقێ تەیران و خانی و خانا بە تایبەتی و ئی دە کوردستان بە گشتی ، بە تایبەتی لە مەڕ ئەستیرەناسی ، تێته گەنگەشە کرن.

## بره زانیاریەک لەمەر بزاڤا گۆی زەوی و گەردوون

پەی تێ گەیشتن و هەستیار بوون ( نەوەک هەست پێکردن ، چوونکه مرۆڤ لە کێشی دا نیە هەستی پێ بکات - **مقدار و شەکلێ هەندەسی ------ کێم زێدە یەک پێ ناحەسێ -** جەزیری ) جه کورت هێنانی مرۆڤ ژە گەڕ و سووڕ و گەڕانی زەوی و گەردوون ، با پروانینه هێندێک زانیاری کورت و سەرپێی که ئیرۆ جه بەردەست دایه .

**یەکەم :** زەوی بە دەوری خۆیا ئەخولێتەوە و لە ماوەی ٢٣،٥٦،٤،٠٩ واته ٢٣ کاژێر و ٥٦ خولەک و ٤،٠٩ چرکە دا جارێک ئەو خوله لە ڕاستەوە بۆ چەپ واته بە پێچەوانەی گەڕانی کاتژمێر وەک پێوەر ، تەواو ئاکات و ئەمەش ئەبێتە هۆکاری گەڕی شەو و ڕۆژ . خیرایی ئەم سوورانەوەش 1670.499km =1038mi لە کاژێرێک دایە ، لە سەر هێڵی ناوقەدی زەوی و لە جەمسەرکانیدا ، خواروو و ژووروو ( باکوور و باشوور ) ، ئەبێتە هیچ . جا ئەگەر کاتژمێرەکان بەو جۆرە سازکرابێن که ئەو ماوەیە لە ٢٤ کاژێرەکە تواو بکەن ئەوە هەر ڕۆژەی کورتەی ٤ خولەک کورت ئەهێنن . بەڵام زەوی بە دەوری خۆرا ئەسوورێتەوە و لە یەک شوینا ناوەستێ و ئەو شوێن گۆرینەش قەرەبووی ئەو ٤ خولەکەی لۆ ئەکاتەوە و ئەبێتە هۆی ئەوە که جه هەمبەرخۆرا لە ٢٤ کاژێردا خولەکە تەواو بێت .

**دووهەم** : ئەوە زانیارێکی گشتی و هەست پێکراوە که کورت و درێژی شەو و ڕۆژ بە درێژایی ساڵ لە گۆرانە و دوو جار لە ساڵ دا وەک یەکیان لێ تێ ، واته شەو و ڕۆژ یەکسان ئەبێتن و جارێک ڕۆژ ئەگاتە درێژترین ڕۆژ و جارەک شەڤ ئەگاتە درێژترین شەوگار . هۆکاری ئەم گۆرانکاریەیچ بابەتە بزاڤێکی دیکەی زەوی یە کە وەپی ئووشن لاربوونەوە ئانکو خواربوونەوە (tilting) . تەوەری لار بوونەوەی زەوی لە نێوان ٢٢،١ و ٢٤،٥ پلەدا هات و چوو ئەکات و ٤١ هەزار ساڵ ئەخاێنێ تاوەکو ئەو خوله تەواو ئەکات . ئەو تەوەرە ئیستا لە ٢٣،٤ پلەدایە . گۆی زەوی بەم دۆخی لاربوونەوەی بە دەور خورا ئەسوورێتەوە و بە درێژایی سال کەم تا کورتێ وەک خۆی ئەوەستێ . ئەڵبەت توزکاڵێک ئەجووڵێ بە قەدەر یەک لە ٤١ هەزارا کە زۆر کەمە و گۆرانکارێکی ئەوتۆ بەدی ناهێنێ . سوورانەوەی زەوی بە دەور خورا بەم لاربوونەوە، کورت و درێژی شەو و ڕۆژی و وەرزوکانی ساڵی لێ ئەکەوێتەوە . ئەم دۆخەش تەنیا بە گۆرانی درێژایی شەو و ڕۆژیش بەس ناکا بەڵکو رادە و ڕێژەی تیشک و وزەی خۆریش لە سەر گۆی زەوی ئاڵ و گۆر ئەکات ( گەڕان بە دەوری خورا هۆکاری سەرەکی یە نەوەک لاربوونەوەکە ) . بەرزترین ئاستی گەیشتنی تیشک و وزەی خۆر لە سەر زەوی لە پشتێنیەی ناوقەدی دایە و ئەم لاربوونەوش شوێنی ناوقەدەکە لە هەمبەر خورا ئەگۆرێ بە درێژایی سال . ئەمەش ئەبێتە هۆی ئەوە کە چڕی تیشکی خور و وزەکەی هەمیشە لە ناوقەدەکەی زەوی نەبێ بەڵکو خوار و ژووری وەپی ئەکات . هەر بەو ڕێژەیەش شوێنەکانی دیکەی زەوی لە خاڵ و پشتێنەی چڕیی تیشک و وزەی خۆر دوور و نزیک ئەخاتەوە کە ئەبێتە هۆکاری بەرز و نزم بوونەوەی ئاستی گەیشتنی رادەی تیشک و وزەی خۆر بەو شوێنانە کە ئاستی ساردی و گەرمی شەو و ڕۆژ لەو شوێنانەی لێ ئەکەفێتەوە . ئەم دیاردەیە لە سەر گۆی زەوی بەوە هەستی پێ ئەکری کە شوێنی خور لە باشووری ئاسمان ( لە ڕوانکەی دانیشتوانی باکوورەوە ) بەرز و نزم ئەبێتەوە . لە زستانا ئەبێتە لارە خۆر ( ژ کوردی دا لارە مانگمان هەس لێ لارە خۆرم نەبیستوە بەڵان پێم وایە کە مەبەستەکە بگەێنێ ) و جه تاوسانا ئەگاتە نێو قەدی ئاسمان . دەستە واژەی تاوسان لەوانەیە پراوپڕ مەبەستەکە بگەێنێ و ئاماژەیەک بووت ئەڕای وەرزی تاو ، تاڤ . هەڵسەنگاندن و بەراوەردکاری ڕەچەڵەکی ئەو دوو پەیڤە واته تاوسان - هاوین و زستان - زمسان لەوانەیە چتێکی خوەش و باش و بەکەڵکی لێ بکەوێتەوە و دای ئەنێن ئەڕای پسپۆران بواری خۆی.

**سێهەم** : زەوی بە دەوری خۆرا لە سەر هێڵێکی هێلکەیی بە درێژایی ٥٩٥mi مایل = ٩٧٥,٥km (ملیۆن) ئەسوورێتەوە و ساڵی جارێک ئەو گەڕەش تواو ئەکات . خیرایی ئەو بزاڤەش ١٨mi = ٢٩,٩km لە یەک

چرکەدایە . ئەم بزاڤەش بە لەبەر چاوگرتنی لاربوونەوەکە و گاریگەیەکەی ، ئەبێتە هۆکاری کاریگەری تایبەتمەندی تایبەتی وەرزەکانی ساڵ .


جیاوازێکی باڵکێشیش لە وەرزەکانی ساڵ لە لای باشوور و باکووری گۆی زەوی هەس کە کار ئەکاتە سەر ژیانی مرۆڤ و گەشەکردنی . ئەزانرێ کە لار بوونەوەی زەوی و سوورانەوەی بە دەور خورا ، پێکەوە، هاوین و زستانی بەشی باشووری زەوی بە شێوەیەکی هەرە بەرچاو سەخت تەرتەر ئاکات لە چاو بەشی باکوور . هاوینی بەشی باشوور لە کاتێک دایە کە لە لایەک زەوی لە نزیک ترین شوینی خۆی بە خۆرە و لە لایەکی دیکەشەوە ڵاربوونەوەکەی زەوی ئەبێتە هۆی ئەوە کە تیشک و وزەی فرەتر بگاتە ئەو بەشە لە چاو باکوور . پێچەوانەکەشی لە بەشی باکوورە ، هەم لەکاتی هاوینە و هەمیچ ژ دەما زستانە. یاسای فیزیک وەپیمان ئووشت کە بەرزی و نزمی گەرما و وزە لە شوێنێکی دیاریکراودا ، بەستراوەتەوە بە هۆکاری دووری و نزیکی لە سەرچاوەکەی و هەروەتریش لاری و ڕاستی ڕێژەیی تیشکەکە بە بەراوەرد وەگەرد سەرچاوەکە . جا لەوانەیە کە ئەم یاسا ساکار و جوان و سەلمێندراوەی فیزیک ، تاکە ڕێکارێکی زانستی و گۆنجاو بێت کە ئاڵ و گۆڕی ڕەنگی پێستی مرۆڤ ڕوون بکاتەوە کە بە گوێرەی دوور و نزیکی لە ناوقەدی زەوی ، لە ڕەشەوە بەرەو سپی ئەگۆڕدرێت .

پلەی لار بوونەوەی گۆی زەوی جیاوازی وەرزەکان لە باشوور و باکووری زەوی دیاری ئەکات و ئەو جیاوازیەش لە بەرزترین پلەی لاربوونەوەکەدا واتە ٢٤،٥ بەوپەڕی خۆی ئەگات . دیسان ڕادەی ئەم لاربوونەوە رادەی تیشک و وزە و گەرمایی خۆر لە دوو جەمسەری باشوور و باکوور دا دیاری ئەکات . لە بەرزترین پلەدا جەمسەری باشوور (Antarctica) زۆرترین تیشک و وزە و گەرمایی خۆری بەر ئەکەوێ و پێچەوانەکەشی لە جەمسەری باکوورە (Arctic) . ئەم دیاردە لە ژیانی ٤١ هەزار ساڵەی گۆی زەوی جارێک ڕوو ئەدات . لەوانەیە کە ئەو هەرایەی کە جە مەڕ گەرم بوونەوەی گۆی زەوی (global warming) وەرێ خراوە ، پتر لەو بەزمە کاسپکارانە و چەواشەکارانەی کە هێنراوەتە ئاراوە ، پێوەندی بە گەڕ و سوڕی گۆی زەوی یەوە بێت . وەک ئاماژە وەپی کرا ، گۆڕانکاری ساڵانە هەر زۆر کەمە ( بەقەدەر یەک لە ٤١ هەزار ) لێ بە کەڵەکە بوونی ساڵانێکی زۆر گۆڕانکاریەکە وردە وردە هەستی پێ ئەکرێ و ئاڵ و گۆڕی کەش و هەوای زەوی بەرەو ساردی ئانکو گەرمی مڵ لێ ئەنێ .

جیاوازی سەرما و ساردی و کەڵەکەبوونی بەفر و سەهۆڵ لە جەمسەری باکوور و باشوور ئاشکرا و زانراوە و هۆی ئەم جیاوازیەش هەمان ڕەوتی لاربوونەوەی گۆی زەوی یە بەرەو سەرما . جە ڕەوتی بەرەو گەرما چوونیشدا ، دیسا هەر دۆخی لاربوونەوەی زەوی بە شێوەی جیاواز کار ئەکاتە ئەو بەفر و سەهۆڵ بەندانەی دوو جەمسەرەکە . لەم ڕێگەشە ئەو دۆخە ئەبێتە هۆکاری یەکەم و کاریگەر لە گۆڕانی دۆخی گشتی کەش و هەوای سەر گۆی زەوەی . رێکارەکەش ، تاوانەوەی ئەو بەفر و سەهۆڵانەی جەمسەرەکانە کە ئاستی ئاو لە دەریا و زەریاکان بەرز ئەکاتەوە و پێکهاتەی ئاوەکانیان ئەگۆڕێ و گەڕ و سووری چەم ئاسای ناو زەریاکان(ocean currents) ئاڵ و گۆڕیان بەسەر دا دێت و ئەمەش گەڕ و سووری چەم ئاسای هەوا لە بەرزایی ئاسمان (jet stream) ئەگۆڕێ و بەتێکڕا ئەبنە هۆکارێکی بەهێز پەی گۆڕانکاری کەش و هەوا لە سەر گۆی زەوی کە ژینگەی مرۆڤایەتی ، گیان لەبەرانی دیکەشی وەگەرەد بووت ، بە تەواوەتی ئەگۆڕێ . ئەشی لە کۆنا ، ئەم گۆڕانکاریەی ژینگە بوویێتە هۆی کۆچ و ڕەوی مرۆڤایەتی لە شوێنی ناخۆشەوە بەرەو شوێنی بە بژوێن و لە بارتر وەکی کۆچ و هەواری کۆچەران . ژیان و مانەوە ئانکو فەوتانی مرۆڤی نیاندرتاڵ دەوری ٣٠٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر ، گەنگەشەی زۆری لە سەرە . لەوانەیە هەر ئەم گەڕە ٤١ هەزار ساڵەی زەوی هۆکاری سەرکی بوویێت کە چارەنووسی مرۆڤی نیاندرتاڵی دیاری کردبێ . دەبێ کو چارەنووسێ دایناسۆرەکان ژێ لەم ڕوانگەوە تاوتو بکرێ چونکە ئەو تیئۆری کەوتنە خوارەوەی بەرد (Meteorite) و (Comets) لە ئاسمانەوە کەلێن و کەلەبەری زۆری تێدایە .


گەر لە سەر ئەم خەملاندن و گەنگەشەیە راوەستە بکەین و ڕووداو لە ناکاو وەک تەقینەوەی گاورەی گڕکان و بوومە لەرزەی بەهێز بخەینە ناو گەنگەشەکە ، ئەوە ئیتر ئاشکرا ئەبێتن کە هۆکاری گاورەی سروشتی ، مرۆڤایەتی خستوەتە گەڕان لەم شوێن بۆ ئەو شوێن و لەم ڕێگەشەوە تێکەڵی جیهانی مرۆڤایەتی هەم ژ ئالی فەرهەنگی و هەمیچ جە باری بایۆلۆژیکی و ژنێتیکی یەوە لێ کەوتوەتەوە . ئەمەیچ ئیدی ئەو هەمکە تورەهاتەی لە مەڕ ڕەگەز و ڕەگەزپەرەستی یە هاتوەتە ئاراوە پووچەڵ ئەکاتەوە. ئەشی مرۆڤایەتی ئەم سەردەمە وەکی کۆ بەرهەمی ئەو هەمکە هەڵ سوور و داسوورەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بێتە خەملاند و تێ گەهشتن کە کوردەکەو ماچۆ هەر خوا ئەیزانی لە کەنگێوە تێوەی گلاوە و

سەرچاوەکەشی سروشت و هۆکارگەلی سروشتی یە بە تەنیا . دۆڵی هیندووس لە هیندووستانا نموونەیەکی زەقی ئەم دیاردەیە کە هێژ ئاسەواری ماگە .






**وێنەی خولانەوەی زەوی بە دەوری خورا بە دۆخی لاربوونەوە ، سرنجی تەوەری لاربوونەوەکە بدەن .**

**چوارەم** : گۆی زەوی بابەتە بزاڤێکی تریچی هەس کە ئەکرێ بە کوردی وە پێ بووشین بزاڤی کلکە تەشیانە (precession) . ئەم بزاڤەش دەق وەکی سوورانی کلکە تەشی لەکاتی سووردانی دایە و خولەکەشی بە ٢٦ هەزار ساڵ تەواو ئەکات . لەم گەڕەش دا یەک بەیەک بە دەور ١٢ هێما ناسراوەکەی گەردوون (zodiac) ئەسووریتەوە و میسریەکان لە سەر سنگی (sphinx) ئەبولهول - ناوێکی ناقۆڵایە کە بە سەرمانا پراوە - سەرەتای ئەم خولەیان دیاری کردگە . پروانن وێنەکانی خوارەوە :







**پێنجەم** : خۆر و کۆ گەڕۆکەکانی دەور وبەری پێکەوە بە دەور ناوەندی کۆئەستێرە ( گەل ئەستێرە )ی کاکێشانا (Milky way) ئەسووڕێنەوە و ٢٢٥ ملین ساڵی پێ ئەچی هەتاکو خولەکەی تواو ئەکاتن و خێرایەکەشی ٤٨٣٠٠٠ mi = ٧٧٧٠٠٠ km ملیۆن لە کاژێرێکە . دەستەواژەی کاکێشان تشتەک گەلێ جوان و واتادارە ژ بۆ ئەو دەرکەوتەی کۆئەستێرەی تێدا ئەژین ژ ڕوانگەی مرۆڤی سەر زەوی یەوە . ئەوانەی کە وەرزی خەرمان هەڵگرتن و کاکێشانیان بینیوە ، باشتر لە واتا و بەرواوەرد کردن و ناوەکە تێ ئەگەن . کاکێشان لە ئاسمانا بە کاکێشان لە سەر زەوی مینا کریاگە و پراوپر لە جێگەی خۆی دایە .




**شوێنی خۆر لە ناو کاکێشانا بە تیرەکە ئاماژەی پێکراوە**

**شەشەم** : کۆئەستێرەی کاکێشان کە ٢٠٠ ملیارد ئەستێرەی وەک خۆر ، لە خۆ ئەگرێ و پانی و درێژیەکەی ١٠٠،٠٠٠ بۆ ١٢٠،٠٠٠ ساڵی تێشکی یە ( ساڵی تیشکی ئەو مەودایە کە تیشک بە خێرایی ١٢٢٤ ملیارد کیلۆمیتر لە کاژێرێکدا ئەی بڕێ -km $10^{12}$ ) و ئەمیش لە گەڕ و سووڕانە و خێرایەکشی بە ٢،١ ملیون کیلۆمیتر لە کاژێرێکدا مەزەندە ئەکرێت . خولانەوە بە دەوری خۆیا دیارە ، لێ بەرەو کوێ و لە چ ئاقارێک ئەم بزاڤە سەر سوورهێنەرە ئەچی ، هیژ جێی مشت و مڕی پسپۆران و زانایەنی گەردوون ناسی یە .

**حەفتەم** : تێکڕای گەردوون و پێکهاتە ناسراو و زانراو و نەناسراو و نەزانراوەکانی لە گەڕ و سوور و جووڵانێکی گشتی و بەردەوامن و چرکە بە چرکە روخسار و دەرکەوتەی گەردوون ئەگۆڕن . گۆڕنکاریەکان بە گوێرەی گاورەیی و دووری هەرە دوور و لە ئەژمارنەهاتووی و هێژ بە تەواوەتی پێوانە نەکراوی مەودا و قەبەی گەردوون ، ماوەیەکی هێگجار سەر سوورهێنەری دەوێتن تاوەکو ئاسەواریان لۆ ئێمەی مرۆڤ لە

سەر گۆی زەوێیکی بەقەدەر سەرە دەرزیك لە چاو گەردوون ، بێتە هەست پێ کرن ، جا با ئیدی تەمەنی مرۆڤیش کە هەر زۆرکورتە ، گۆر ئاسەوارەیەل مێژوویی ، بوەستێ .

مرۆڤ چەندە هەست بەم بابتەوە جوولان و بزاڤێن زەوی و گەردوون ئەکات ، پرسیارێکە کە هەمووان ئەشی بیزانن . وەرامەکەشی هیچە ، واتە مرۆڤ هەست بە هیچ ناکات ، جەزیری واتاش " **کێم زێدە یەک پێ ناحەسێ "** و تەنانەت وسا تێتە هەست کرن کو ستێرکێن ئاسمان و مانگ خۆریچ بە دەور زەوی دا ئەخولێنەوە . ئەمەش ئەو کورت هێنانەی مرۆڤە کە باسی کرا .

ڕەمزا د نەجم و هەیئەتێ          عەقلێ موجەڕەد نارەسێ  (جەزیری )

گۆی زەوی بەو بچووکیەی خۆیەوە لە ژێر کار تێ کردنی ئەوان بزاڤێن گەردوونیە و دۆخی ژیانی مرۆڤیش لێی بەدەر نیە . زاڵ بوون بە سەر ئەم کورت هێنانە و دۆزینەوەی ڕێکارێک پەی تێ گەیشتن و دیاری کردنی ئاسەوار و کاریگەری ئەوان بزاڤێن گەردونی لە سەر گۆی زەوی و ژیانی مرۆڤ و گیان لەبەرانی دیکە ، یەکەم و گاورەترین دەسکەفت و سەرکەوتنی مرۆڤایەتی بە گشتی یە . هەواڵی خوەش و باڵکێش و جێی ڕامان ژی ئەوسە کە ئیمەی کورد و کۆمەڵگاکەمان ، بەشمان بووگە لەو دەسکەفت و سەرکەوتنەی مرۆڤایەتی دا ، جوور ئەو هێما و ئاسەوارگەلەی کە وەناومان هێژ بە زیندویی ماگە ، با تۆزکاڵێک بیچم و شێوازی گۆراو و جیاوازیشی گرتبێتە خۆی .

## مرۆڤ و گەردوون

لە ناو ئەو هەمکە گەڕ و سوور و ئاڵ و گۆری گاورە و بچووک و بێ وەستانەی گەردوون ، ئەوەی کە ڕاستەو خۆ کار ئەکاتە سەر ژیانی مرۆڤ ، گۆرانی شەو و ڕۆژ و وەرزەکانە و دیاری کردنی کات و سات و چلۆنایەتی ئەو گۆرانکاریانە ئەڕای گرینگ بووگە و ئیشتاش هەر گرینگە . وەکی باس وەلی کرا ، مرۆڤ بە هەموو هەستە ژیاریەکانیەوە (بینین و بیستن و  " عەقڵی مەجەڕەد " هتد) ناتوانێ ئەو گۆرانکاریانە هەڵ سەنگێنێ و بیان پێوێ و پێش بینیان بکاتن . لۆ ئەم مەبەستە کەرەستەی دیکەی پێویستە کە پێشەسازی تازەبابەتی ئیرۆژی لۆی داپین کردگە و بەرەو گەشەکردنیچ ئەچێتن . پشت بەم ئامێر و کەرەستانە ، زانیاری مرۆڤ زۆر باش هەڵی داوە و گەیشتگەسە ئاستی ئیمرۆژی . لێ لە نەبوونی ئەم کەرەستەگەلە ، جێگەی پرسیارێکی فرە سوورە  کە چۆن چۆناهی مرۆڤی کەونئارا هێندێک زانیاری پشت ڕاست کراوەی ئەوتۆیان دەست خستوە و تۆماریان کردگە کە ئیستاش وەک ڕاستی نکوولی هەڵ نەگر، دەوریان لە ژیانی مرۆڤایەتی دا هەس .

ئەوەی لۆ مرۆڤ لە گەردوونا گرینگ بووە ئەوە بوو کە بزانێ کەنگێ بەهار دەست پێ ئەکات ، ئەڕای نموونە ، هەتا خۆی لۆ کار وباری ئابووری و ژیاری ساز و ئامادە بکات . ئانکو زستان کەنگێ دەس پێ ئەکات و چەند ئەخاێنێ و کەنگێ ئەپڕێتەوە لۆ ئەوەی خۆی وەگەرد بار و دۆخی زستانە جووت و ڕێک بخات . ئەوەی ئاشکرایە ئەوەسە کە مرۆڤایەتی لەم زانیاریانە گەڕیاگە و دەسیشی خستوە و زانیاری فرە ورد و سەر سوورهێنەری تۆمار کردگە . زانیاریە مێژوویی یەکان ئاماژە بە ڤێ ڕاستیە ئەکەن کە مرۆڤایەتی کەڤن زۆر بە باشی و وردی ئاگاداری وەرزەکانی ساڵ بووگن کە تێکڕای بزاڤی گۆی زەوی دروستی ئەکات . ئەستێرەناسی وەک زانستی کەونئارا ئامێری ئەم دەسکەوتەی مرۆڤایەتی بووگە و ئاسمان و زمانی ئاسمانیان زۆر بە باشی زانیگە و لێی تێ گەیشتوون و دەکاریشیان هێناوە . ئاسەواری کۆنی شارسانیەتی میسری و بابلی ( بابلێۆنێ ) و هێندی و مایا و ئینکا و ئازتەک و ئی دە کوردەواری د کەڤن ژێ بە ڕوونی دەری ئەخەن کە مرۆڤایەتی لەم بوارەدا هەر زۆر پێشکەوتوو بووە و لار بوونەوەی گۆی زەوی و گەڕی ٢٦٠٠٠ ساڵەی بزاڤی کلکەتەشی ئاسایانەی زەوییان دۆزیوەتەوە و بیرکاری تەواویشیان بۆ کردوە و تایبەتمەندیکەشیان دەسنیشان کردووە .

گرانی و گرینگی دەسکەوتی زانستی ئەستێرەناسی کەڤنارا کاتێک خویاتەرتەر ئەبێتن کو ئەمی بەرێ خوە بدەین وان کۆسپ و تەگەرێن کو سەر رێبازا ئەستێرەناسی قوت ئەبنەوە گۆر سروشتی زانستەکە. ئەکری کە بووشین کە ئەستێرەناسی زانستی شەوانەیە نەخاسما جە کۆندا . خۆر و هەڵهاتنی پاشا

گاوره‌که‌ی ئاسمانان ، وه‌ک جه زمانی کۆندا به خۆریان گوتووه ، ئه‌ستێره و ئه‌ستێره‌ناسی ئه‌کوژێنێته‌وه. ته‌نانه‌ت مانگیش که وه‌ک ئاوێنه ، ته‌نیا ۳ له سه‌دی تیشکی ڕۆژ لێیه‌وه شه‌وق ئه‌داته‌وه (**بێ شه‌مس قه‌مه‌ر دبت مونه‌وه‌ر ؟ -** خانی ) ، کۆسپه و ژماره‌یه‌کی زۆر له‌و هه‌سارانه‌ی که کزن ، ئه‌شارێته‌وه . هه‌ور و هه‌ڵا ، کورده‌که‌و ماچۆ ، یه‌که‌ک دن ژ به‌ڵای ئاسمانی و کۆسپ و گرفتێن هه‌ساره‌ناسێ یه . گه‌ڕیان و گرد بوونی زه‌وی ، ئه‌بێته هۆی ئه‌وه که  ته‌نیا به‌شێک له ئاسمان ، له شه‌وێکی بێ هه‌ور وهه‌ڵا ، بخرێته ژێر چاوه‌دێری . یه‌ک ساڵی تواوی پێ ئه‌چی هه‌تاکو هه‌موو ئاسمان به ته‌واوه‌تی بێته بینین و له ماوه‌ی ئه‌و یه‌ک ساڵه‌ش دا تێکڕای گه‌ردون گۆڕانکاری وه‌سرا تێ و ئه‌شی ئه‌و گۆڕانکاریه‌ێچ نه‌یێت ژ بیر کرن . ئه‌م گرفتانه به تێکڕا فرمانی ئه‌ستێره‌ناسی گه‌له‌ک دژوار ئه‌کاتن و کات و زه‌مانێکی باش و پێ داگری و سوور بوون و ئاکاری تایبه‌تی له سه‌ره‌خۆیی ئه‌وێتن په‌ی گه‌شه‌کردنی له سه‌ر ڕێچکا زانستی . ئه‌م هۆکارانه کو ئیرۆ ژی جه ئه‌ستێره‌ناسی سه‌رده‌م دا ده‌وریان هه‌س ،  گرینگی ده‌سکه‌فتی ئه‌ستێره‌ناسی که‌ڤنارا فره ته‌رته‌ر ئه‌کات .

مه‌لای جزیری له مه‌ڕ کاری ئه‌ستێره‌ناسی را ده‌بێژێ :

من پور شه‌ڤان حه‌تا سه‌حه‌ر          دانینه ڕێ سه‌مع و به‌سه‌ر

ئه‌و ماهرووه ما بێته ده‌ر               تا ببمه نه‌وبه‌تدارێ چه‌رخ

==========================


لێ ، هه‌مووان له بیریانه که چه‌ند ساڵێ له‌مه‌و به‌ر ، هه‌رایه‌کی قرێژ نرایه‌وه که گوایه گۆڕ پێشبینی و بیرکاری زانستی ئه‌ستێره‌ناسی مایاکان جیهان له فلآنه ساڵ (۲۰۱۲) و فیساره ڕۆژدا کۆتایی پێ دێت. ئه‌و هه‌را و به‌زمه چه‌واشه‌کارانه به مه‌به‌ست سازکرا ، په‌ی کوێرکردنه‌وه‌ی زانیاری و زانستی کۆنی مایاکان که هه‌ر جه فره کۆنه‌وه ته‌واو بوونی خولێکی گه‌ردوونیان دیاری کردبوو . ئه‌مه‌ش یه‌که‌م جار نه‌بوو که ئه‌م ئاکاره دزێوه‌ش له دژی شارسانیه‌تی که‌ونئارای مرۆڤایه‌تی بێته بکار ئانین . ئه‌و مقۆمقۆ قرێژه ده‌ق هاوته‌ریبه وه‌گه‌رد ئه‌و هه‌ڵپانه‌ی که ژ مێژه له گۆڕێ دایه په‌ی چه‌واشه‌کاری له مه‌ڕ زانیاری بابلی یه‌ل جه سه‌ر بزاڤی ۲٦۰۰۰ ساڵه‌ی کلکه ته‌شیانه‌ی زه‌وی و دیاری کردنی به ۱۲ هێماکه‌ی گه‌ردوون که به (zodiac) ناسراگن ، و ئیسه بووگه‌سه گه‌مه‌ی هه‌جی مه‌جی لا که‌ره‌جی و ده‌ست و قۆل و گوێ پرین و خه‌ڵکی ساویلکه وه‌پێ ئه‌خاپێنن . ده‌سکه‌فتی زانستی ئه‌ستێره‌ناسی و زانیاری مرۆڤی که‌ونئارا جه گه‌ردوون به گشتی ، به سه‌رهه‌ڵدانی ئایینی جووله‌که و له‌ویشه‌وه کریستیان و ئیسلام به‌وپه‌ڕی گه‌رمی و چڕی و پڕی یه‌وه که‌وتوه‌ته به‌ر په‌لامار و هێرش و هه‌یا ئیرۆ ژی درێژه‌ی هه‌س . ئه‌و زانست و زانیاریانه وسا نێته ناساندن که گوایه ئایینی مه‌ردم که‌ونئارا بووگن و ئه‌و خه‌ڵکه ئه‌ستێره‌په‌ره‌ست بوون. سه‌یره‌که‌ش له‌ودایه ئه‌و زانست و زانیاریانه به به‌رفره‌هی گۆی زه‌وی هه‌ر له کێف یه‌ل هیمالایاوه هه‌یا شاخ و زۆزانێد ئاندی جه ئامریکای لاتین تۆمار کریاگن ، به بێ بوونی پێوه‌ندێکی دیار و زانراوی ئه‌و هه‌مکه خه‌ڵکه له‌و شوێن و جێگه لیک داپراوانه به هۆکاری گاوره‌ی سه‌روشتی که له کێشی مرۆڤی که‌ڤن ده نه‌بوویه کو به‌سه‌ریاندا زاڵ بێت ، به سانایی .

سه‌ره‌رای ئه‌و دوژمنکاریه قووڵ و درێژخایه‌نه که وه‌گه‌رد فه‌رهه‌نگی کۆڤنئارا کریاگه ، ئایینه دوژمکاره‌کان هه‌ر بۆ خۆیان ڕیکارێکی فێڵه‌بازانه و چه‌واشه‌کارانه‌یان گرتگه‌سه به‌ر و ئه‌و زانیاریانه‌یان قوزتوه‌ته‌وه و تێکه‌ڵ به ئایینه‌که‌ی خۆیان کردگه ، ئه‌ڵبه‌ت به چه‌واشه‌کاریه‌وه .

## چیرۆکی زانیارێکی فره که‌ڤن ئا مرۆڤایه‌تی


له‌وه‌تی کریستیانه‌تی سه‌ری هه‌ڵداوه و چیرۆکی عیسایان لۆ هه‌ڵبه‌ستوه ، خه‌ڵکی وا چه‌واشه کراوه‌ته‌وه که چیرۆکی کریسمه‌س و له دایک بوونه‌که‌ی و مردنه‌که‌ی هه‌ر ئه‌وه‌یه که ده‌رخواردیان دراوه و ئاگایان له‌وه نه‌ماوه که هه‌موو ساڵێک ئه‌و چیرۆکه که له ڕاستی دا زانیاری هه‌ره کۆنی مرۆڤایه‌تی بووه، له ئاسمانا و به زمانی هه‌ساره‌کان نووسراوه و جه ۲۲-۲۵ دیسامبری هه‌موو ساڵیکا دووپات


ئەبێتەوە . چیرۆکی عیسا لە ڕاستی دا چیرۆکی میترایە و چیرۆکی میتراش ، چیرۆکی تواو بوونی بەشێک لە گەڕی کلکەتەشیانەی ٢٦٠٠٠ ساڵەی گۆی زەوی ( چاخی گا ) و دەسپێکردنی " چاخی جووت ماسی " یە لە ناو ١٢ هێماکەی ئاسمان لە ٢٠١٥ لەمەوبەر . جێرۆکەکە ئانکو چێ تەر واسە کە بووشین زانیاریەکە هەر هەمووی وەبان زستان و دەسپێکی خولێکی نوێی زەویی و چوون بەرەو بەهارە . لە ٢٢ دیسامبەری هەموو ساڵێک ، دەق لەو کاتەدا خۆر لە شوێنی ئەستیرەیەلی چوارینە (southern crux - cross) ئاڤا ئەبێت و لۆ ماوەی سێ ڕۆژان لە جووڵەی ئاسایی خۆی ئەکەفێ . ئەمەێچ دەق دەگەل دۆخی کۆتایی سالانەی لاربوونەوەی زەوی بەرەو باکوور لە چاو خۆر یەک ئەگرێتەوە و ئەشی ئەو سێ ڕۆژە کورترین ڕۆژانی ساڵ بن ژ پارێد باکووری زەوی . بە وتەیەکی دیکە شەوگاری ئەو سێ ڕۆژە ، درێژترین شەوگاری ئەو بەشەی باکووری گۆی زەوی بێت . پاش ئەو سێ ڕۆژە ، سووڕانی زەوی بە دەور خۆرا ، دۆخی لاربوونەوەکەی زەوی لە ئاقاری پێچەوانەوە دەس پێ ئەکاتەوە و وسا تێتە دیتن و هەست پێ کرن کە خۆریچ جووڵەکەی خۆی بە هەمان شیوە دەس پێ ئەکاتەوە . جە ٢٥ دیسامبەردا ، هێڵی پشتوێنەکەی کۆ ئەستێرەی ئۆرێۆن (orion) کە لە سێ هەسارە پێک تێ و لە کۆنەوە بە سێ پاتشا ناو نراگە ، هەسارەی ڕۆژهەڵات (eastern star - sirius) ئەپێکێ و دەق لەو کاتەدا ، واتە ٢٥ ی دیەامبەردا، خۆر لە شوێنی کۆ ئەستیرەی وەیگا (vega) هەڵ دێتەوە . لەو کاتە بە دواوە ڕۆژ ، ڕۆژ بە ڕۆژ درێژ تەر ئەبێتەوە . ئەم بویەرە ئیسەیچ و بەتایبەت لەو کاتە دیاری کراوەدا بە چاو ئەبینرێن ، گەر هەور و هەڵا بوار بداتن . سەیری وێنەکانی خوارەوە بکەن :














ئەم زانیاریە لە مەڕ ئەو بویەرە ئاسمانیە ژ کەنگێوە زانراوە ، بە وردی دیار نیە و مێژووەکەی پڕ بە باشی نازانرێ . لێ ئەوە تۆمار کراوە کە چیرۆکی هۆروسی میسری (٣٠٠٠ ساڵ بەر عیسا) لۆ یەکەم جار و دواتر هی میترای ئاریایی و ئاتیسی یۆنانی ( ١٢٠٠ ساڵ بەر لە عێسا ) و کریشنای هێند ٩٠٠ ساڵ بەر لە عێسا ) و دایۆسیسی یۆنانی ( ٥٠٠ ساڵ بەر لە عیسا ) و دواتر عیسا و هەر وسا ژی جەژنی ڕۆژژوی ئێزدایەتی و جەژنی خاوەنکاری یاری - کاکەیی ، هەر هەموویان پێوەندیان بەو زانیاریە کۆنە لە سەر ئەو بوویەرە ئاسمانیە هەس . ئەوەی کە فرە باڵکێس و جێگە و شایانی سرنج و ڕامانە ئەوەسە کە سێ ڕۆژی وەستانی خۆر و زەوی و ئاسمان ( گۆر هەست و بینینی مرۆڤ لە سەر گۆی زەوی ) لەوانەیە کە تەنێ با کوردیەل ئیزەدی و یاری وەک هێما مایێتەوە و ئیسەیچ ئەو مەردمە لەو سێ ڕۆژەدا بەڕۆژوو ئەبن وەک بەرە جەژنانی جەژنەیەل سەرێ ساڵیان .

جا گەر ئەو ڕاستی یە مێژوویی یە لە بەرچاو بگرین کە مەردم یاری و ئیزەدی و عەلەوی و شەبەک ژی وەگەردیان بووت ، نوێنەری ڕاستەقینەی ئەو بەشەی کۆمەڵگای کوردەوارین کو هەم زمان و هەمیچ فەرهەنگ و هەر وسا ژی ئایین کەڤنارای کوردیەل پاراستگە ، ئیدی ڤێ چەندە خویا ئەبێتن کە ئەو مەردمە ڕەسەنایەتی و ڕووی ڕاستی زانسی و زانیارییێکی هەرە هەرە کۆنی مرۆڤایەتیان کە جە کوردەواری دا باو بووگە ژی ، پاراستوە جە هەمبەر تەوژمی پرووکێنەری داگیرکاری و کاولکاری و فەرمان و کوشت و پری نەیارانی مرۆڤایەتی . هۆکاری سەرەکی دوژمنایەتی هۆڤانانە و نامرۆڤانە لە دژی مەردم یاری و ئیزەدی هەر جە کۆنی کۆنەوە هەیا نها ، تەنانەت ژ ئالێێ هەنەک کوردێن نەزان و دۆڕاوەوە ، لەم ڕاستی یەوە سەرچاوە ئەگرێ کە ئەو مەردمە هێمای بەرخوەدان و بەرگری و پارێزگاری جە دەسکەفت زانستی و کەلەپوری کۆنی مرۆڤایەتی ، بە کوردیشەوەن .

مەلای جەزیری چ خوەش دەبێژی :

ئەو کافرێن جامە سیاە هاتن ب هەڤرا سەف ب سەف

زانم کو هەر تێن ئەو مدام وان ئەخزی ئیمانە غەرەز (وەکی بێژی ژ هۆڤانێن داعش را گوتیە )

بلێ خەڵکی ڕەشۆکی و نەزان و خاپێندراو کو دەنە دراون لۆ دوژمنایەتی شارسانیەتا کەوڤنارا ، ئەوەی جێگەی سرنج و ڕامانە ئەوەسە کە ژمارەیەک جە بەناو و بەقەرار زانا و لێزان و ڕۆژهەڵات ناس نەخاسما بەکرێ گیراوەکانی " کۆمپانی هێندی ڕۆژهەڵات " (East India Company) وەکی ماکس موولێر (Friedrich Max Müller) و ویلیام جۆنز (**William Jones**) هەموو هەڵپەی چەواشەکاریان لەوەدا چڕ کردبووەوە کە بناغە و ڕەچەڵەکی ئەو شارسانیەتانە هەڵ تەکێنن . ئایین کاکەیی - یاری و ئیزدایەتی ، تەنانەت لە بیچم و شێوە و شێوازی نوێیاندا کەوتە بەر پەلامارێکی گەلاڵە بۆ داڕێژراوی ئەو بابەتە ڕۆژهەڵات ناسی یەوە و ژمارەیەک نووسراوی بێ بنەمایان لە سەر بلاو کردەوە . مەبەستی بەرودوای ئەو بەکرێ گیراوانە و خامەی دۆڕاو و چەواشەکاریان ، ئەوە بوو کە ئاسەواری شارسانیەتی کەونارای مرۆڤایەتی ، ئی دە کوردیچی وەگەرد بووت ، بسڕنەوە ، گۆڕ نامەیەکی ماکس مولێر بۆ دایکی ، و بیسەلمێن کە جیهانی بوون و گەردوون هەر ئەوەیە کە لە تەورات و ئینجیلا ناسێندراوە . لۆ ئەم بابەتە چەواشەکارانە ، ئایینی

ئیزەدی و یاری وەکی پاشماوەی ئەو شارسانیەتە کەڤنئارایە لە کوردستانا ، ئارمانجی یەکەم بوو و سڵیان لە هیچ چەواشەکاری و دەست و گوێ برین و درۆ و دەلەسە هەڵ بەستنێ نەئەکردەوە پەی لێدانیان . کابرایەکی وەکی ماکس مولێر و ویلیام جۆنز زۆر باش ئەیان زانی کە ناوەرۆک و ماک و کاکڵی جەژنی خاوەنکار و جەژنی ڕۆژوو و کەڵەشێر و هەروەتریش چوار شەمە سوورە و سێزدە بەدەر و جەژن یەلی بەهارە و هاوینە و پاییزە و زستانەی کوردەواری ، هاوتەریب وەگەرد ئاسەواری کەڤنئارای زانسی و زانیاری مرۆڤایەتی لە ئاستی جیهانی ، گوریسی چنراو بە درۆ و دەلەسەیان لێ ئەکەنەوە بە خوری . ئەم بەناو زانایانە ، دەنەدەر و چاوساخی ئەو سپا ڕەش پۆشن کە جەزیری گەنگەشەی ئاکات و هەر جەزیریشە کە گەلەک بە رندی و قووڵی لە مەبەست و " غەرەزی " گڵاویان تێ گەیشبوو کە بە " ئەغزی ئیمان " دیاری ئەکات.

## بنگەها کەڤنئارایێ چاند و فەرهەنگا کوردی

جەژن یەل کوردەواری نەخاسما جەژنی نەورۆز و خاوەنکاری کاکەیی - یاری و ڕۆژژوی ئیزدایەتی و جەژن یەلی بەهارە و هاوینە و پاییزە و زستانە ، گشت گڕیدای بویەر و دیاردەی سروشتی و خوزایینە و هەر جە فرە کۆنی کۆنەوە دە ناو کۆمەلگەها کوردەواری باو بووگن ، هاوشان وەگەرد مەردم تری جیهانی شارستانیەتی کەونئارا . ئەوەش کە هەرکام لەو جەژنانە چیرۆک و داستانێکی مرۆڤانە ئەڕایان هەڵ بەستراگە و بە وی ئاوایی تێنە ناساندن و بیرئانئن و گەنگەشەکرن ، بەتایبەتی لە دۆخی نوێی ئیڕۆژی دا ، ئەزڤرێتەڤە لۆ ئاکارێکی تایبەتی فەرهەنگی مرۆڤایەتی بە تایبەت جە سەردەما بەرێ هەرە کەڤن . ئیرۆ وی تایبەتمەندی وەک زانستەک هاتیە بە ناو کرن و وەپی ئووشن ئانترۆپۆمۆرفیزم (Anthropomorphism) . گۆڕ ئی زانستە ، مرۆڤ ئاکار و تایبەتمەندی مرۆڤانە ئەخاتە پاڵ دیاردە سروشتیەکان و تەنانەت ئاژەڵ و گیان لەبەرانی دیکەی هاوژینی . تێریۆمۆرفیزم (Theriomorphism) پێچەوانەی ئانترۆپۆمۆرفیزمە بەوەی کە ئاکار و تایبەتمەندی دیاردەی سروشتی و ئاژڵ و گیان لەبەرانی دیکە ئەداتە پاڵ مرۆڤ . ئەمەی دوایی واتە تێریۆمۆرفیزم جە ناو فەرهەنگا کوردەواری فرە باوە و ئیسەیچ ئاسەواری هەر ماگە و تێتە بکار ئانین . لەوانەیە کە ڕۆژانە بە هاسانی گوێ بیستی ژمارەیەک دەستەواژەی واتادار کە تایبەتمەندی گیان لەبەرانی دیکەیە جوور تێڕوانین و تێ گەیشتنی مرۆڤ ( هێندیکیان بە هەڵە ، وەک کەریەتی کەر ، چونکە ئەو گیان لەبەرە بەستە زمانە لە ڕیزی ئاژەڵە ژێرەکانە ) . مەڕی بەستە زمان ، بزنی هار وراج ، کەری گەوج ، خانەدانیی و نەجیبی ئەسپ . فێڵەبازیی ڕێوی ، هاری و دڕەندەیی گورگ ، چاو تیژی مار و هەڵۆ ، هتد ، وەگەرد کوردیەلیچ فرە باوە . ئانترۆپۆمۆرفیزم لە چیرۆک و داستانی منداڵانەی کوردیچ جێگەکی تایبەتی هەس . ئەمەش خاڵیکی فرە باڵکێشی پەروەردە و فێرکاری منداڵانەیە و مەردم کورد ، شان بە شانی مرۆڤایەتی خاوەن هزر و شارسانیەت ، هەر فرە زوو لەوە تێ گەیشتن کە دانی تایبەتمەندی مرۆڤانە بە گیان لەبەرانی دیکە و بویەرێن خوزایی و هۆنینیەوەی داستان و چیرۆکی خوەش لەسەریان ، جە ئالیەک ، هەست و خوستی مرۆڤ و نەخاسما منالانە باش ئەجووڵێنێ و هەمێچ فرە ئەڕایان خوەش و سرنج ڕاکێشە . ئیرۆ هاتیە سەلماندن و پشت ڕاست کردنەوە کو پەروەدە و فێرکاری بە وی شێوە و شێواز ، کاراترین و بە پڕشت ترین ڕێکارە ژ مرۆڤ را و نەخاسما ژ زارۆلە و منداڵان و مێشک و مژی و جانا پشکێنەریان .

هۆنینەوە و داڕشتنی چیرۆکی هۆروسی میسری و میترا و ئاتیس و کریشنا و دایۆسیس و عیسا و هەر وسا ژی جەژنی ڕۆژژوی ئێزدایەتی و جەژنی خاوەنکاری کاکەیی - یاری و گەلەکی دنی هاوشێوەیان جە سەر بنگەها زانیاری مرۆڤایەتی لە مەڕ خول و گەڕی زەوی و گەردوون ، ئەچیتە ناو بازنەی ئانترۆپۆمۆرفیزم و ئەشئ وەکی هونەرک ئا بەرز و کارا پەی پەروەردە و فێرکاری بێتە زانین و ناس کرن کو بە مەرەما پاراستنا دەسکەفت و سامان و کەلەپووری کۆمەڵگا هاتیە بە کار ئانین .

فەرهەنگی کوردەواری بە گشتی جە سەر ئەم بناغە و بنەڕەتە دامەزراوە و گەشە و نەشەی کردوە هەتا ئەم دواییانەش ئەو تایبەتمەندیەی پاراستبوو . هەر بە هۆی ئەم تایبەتمەندیەشە کە کورد جە فەرهەنگا سەرزارەکی فرە فرە دەولەمەندە و پڕانی بیر و هزر و ڕامانی کوردانە بەو شێوەیە هاتوەتە دەربڕێن و پاراستن ژی . چکەیەک قوویل تەر لەم دیاردەیە بڕوانین لۆمان ساخ ئەبێتەوە کە ئەم ئاکارە فرە

فرە کۆنە و لەوانەیە بگەڕێتەوە سی فەرهەنگا ئا کەنئارا ێن ڤێدا کە جە هیندوستانێ کارا بووگە . بەیت و حەیران و لاوک و هۆرە و سیاچەمانە ( سیاجامانە ) ئەبێ هەمان ڕێکاری ڤیدایی بووبێتن جە ناو کۆمەڵگای کوردەواری و دیرۆکا وان ژی گەلێ گەلێ کەڤنە .

لەل ئی تایبەتمەندی فەرهەنگی یە ژی ، مێژوو و ئاسەواری کۆنینە و دێرینەی فەرهەنگی مرۆڤایەتی وەپیمان ئووشت کە مرۆڤ هەول دایە کە زانیاری و دەسکەفت زانستی خوەی وەبان کوچک و بەرد و کەڤر و خشتی سوور تۆمار بکات داکۆ بێنە پاراستن و هاتنە پاراستن ژی ، هەتا ڕادەیەک . چێ کرنا مال و کوشک و بورج و کەل و کەلاتان ژ بۆ مەبەستا بیرەوەری و بیرئانین ئانکو مەبەستێن دن وەکی پاراستن و شرۆڤەکرن ( نەخاسما دە بواری ئەستێرەناسی ) و ێن دنێ کۆمەڵایەتی و جڤاکی ، تایبەتمەندیەک ئا دن ێن فرهەنگ و داب و نەریتێن مرۆڤایەتی بووگە کە ئیرۆ ژی وەکی خۆە مایە و تێتە بکار ئانین .

کۆمەڵگای کوردەواری بەشی خۆی هەیە جە پاشمای دەسکردی مرۆڤی دە کەونئارا لەم بوارەدا . سەرەرای کاولکاری دوژمنانە و بە مەبەستی نەیارانی کورد بە درێژایی هەزاران ساڵ و کوێرکردنەوە و دزی و تالانی ئەو هەزاران ساڵە ، هێژ هەوڤاس ئاسەوار جە کوردستان مایە کو ئەم ڕاستیە پشت ڕاست بکاتەوە . گەر نەیارانی فەرهەنگی کەونئارای کوردی توانیبێتیان ، ئەڕای نموونە ، پەرەستگای ئاناهیتا کوێر بکەنەوە و بیکەنە گەور و گەلەخانی هێزە هۆڤان و داگیرکەرەکانیان و ناوەکەشی بگۆڕن و بیکەن بە تەختی سلێمان ، ( سەیر و سەرمەرەی مێژوو ئەوەسە کە مەغوول و ترک و تاتار و عارەب بوون بە میراتگری جوولەکە و پارێزەر و پرەوپێدەری فەرهەنگ و ئایینەکەیان لە دژی فەرهەنگی کەونئارای مرۆڤایەتی ) ، ئەوە ئیدی بەو هاسانیە دەستیان بە ڕەگ و ڕەچەڵەکی کۆنینی فەرهەنگەکەی نەدەگەیشت و لۆشیان فرە گرینگ نەبوو هەتا چاخ و دۆخی پاش شەڕی جیهانی یەکەم .

## ئاڵای کوردستان و پاشخانی دێرینی



ڕاپەڕینە مەزن و مێژوویی یەکەی کوردان جە باشوور ، ١٩٩٠ ، ڕەوتی کوردێنی و ئاقاری بزاڤی نەتەوەیی کوردیەلی گەڕانەوە سەر هێڵ و ڕێچکا دیرۆکیا خوە . هەر دوابەدوای ڕاپەڕینکە و سەرکەوتنی ژ دوو قۆناخ دا هێدی هێدی دیارەدەیەک نوو سەری هەڵدا ، ئەو ژی ئاڵای کوردستان بوو . ڕەوتی بەرەو پێشەوە چوونی بزاڤی کوردێنی گەهشتە ١٩٩٩ و دە ئەنجومەنی نوێنەرای کوردستان ئەو ئاڵایەی ئیمرۆ ئەیبینین وەکی ئاڵای نەتەوەیی کورد هاتە پەسەند کردن و سەلماندن و چەسپاندن .

گەلەک کەس و سازی ولۆ ددنە خویا بوون کو ئەڤ ئال ژ مهابادێ چی بوویە و ژ بۆ جارا ئیکەم وردا بلند بوویە کە نەڕاستە و دوورە ژ دیرۆکا وی . وادیارە کە هێشتا خەڵکێک ماگیانە تاوەکو برەسنە ئاستی پێگەیشتن و تێ گەیشتنی تواو جە خۆیان و ڕابردووەکەیان . ئەم کورت هێنانەش دە ژێر باری چەواشەکارانەی بە مەبەست ، نەخاسما ژ ئالی پ ک ک ڤە ، چکەیەک قوویل تەر بووگەسەوە .

ئاڵای کوردستان بە پێکهاتەی سێ ڕەنگی سوور ، سپێ ، سەوز ، و ڕۆژ لە ناوەڕاستی دا لە ساڵی ١٩١٩ لە لایەن سەرکردایەتی ئەو دەمی کوردان دروست کرا . سال و مێژووەکە شیاوی ڕامانیکی پڕێک قووڵە . ئەو سالە ساڵی کۆتایی شەڕی جیهانی یەکەمە و زل هێزەکانی ئەو کاتە لە مشت و مڕی دابەش کردنی جیهان و بە تایبەتی پاشماەی ئیمپراتوری عوسمانلی بوون مینا دەسکەوتی شەڕەکە .

پەیمانە نگریسەکەی سایکس – پیکۆ  ژێر بە ژێر و بە نهێمی واژۆ کرابوو ، لێ لەوانەیە کە کەسی لێ ئاگادار نەبووبێ لەو کات و دەمەدا .


سەرکردایەتی کورد لە ئاستی گشت کوردستانا پێشتر لە هەوڵی ئەوەدا بوون کە بزاڤی نەتەوەیی کوردی گۆر سەردەما خوە ئا نوو نۆژەن بکەنەوە و بی خەنە سەر راستە ڕێی سەردەمیانە و سازی و ڕیکخراوی سیاسی خۆشیان لۆ ساز کردبوو . وسا دەهاتە چاوڕانی لێ کردن کە کورد خوە تەیار دەکات کو باز داتە ناو جەرگەی نەتەوەیەل سەربەخۆ و خاوەن سەروەری سیاسی تەواو و ئەبێتە یاریکەرێکی سەربەخۆ ژ گۆرەپانی سیاسەتی جیهانی دا . هەموو هێماکانیش ، پەیمانی سیڤەریچ یەک ژوان ، ئاماژەیان بە ڤێ چەندی ئەکرد . لە ڕاستی دا دۆخی ئەو دەمی بزاڤی نەتەوەیی و هەر وسا ژی ئی دە ناوچەیی و جیهانی ، هەلێکیان هێنابووە ئاراوە کە پاڵی بە کوردەوە ئەنا هەتاکو خۆیان ئەڕای سەربەخۆیی نیشتمانەکەیان تەیار بکەن . دەق ژ بۆ ئەو ئارمانجە ئاڵای کوردستان جە ١٩١٩ دا ، هاتە چێ کرن . لەم سۆنگەوە ئەو ئاڵای کە ئیرۆ جە باشووری  نیشتمانی ڕزگارکراوی کوردان ئەشەکێتەوە ، دەق هەر هەمان مەبەست ئەڕێکێ کە لە ساڵی ١٩١٩دا ئاڵاکەی بۆ دروست کرا . هەر ئەمشە کە دۆست و دوژمن و یار و نەیارانی ئاڵای کوردستان ئەجووڵێنێ ، هەر یەک ژ ئاقاری خۆیەوە .

====================

وەکی زانیومە ، یەکەمین ئاڵای کوردستان لە میر ئەمین عالی بەدرخانەوە گەیشتوەتە میر جەلادەت و لە وێشەوە گەیشتوەتە میر سینەم بەدرخان و ئێستا لە هەولێرە . هەواڵی ئەوەشم زانیوە کە ئەو ئاڵای کوردستانەی کە کۆمەڵەی ژ ک بەرزی ئەکردەوە لە کۆڕ و کۆبوونەوەکانی خۆی دا ئیشتا ماوە و لای یەکێک لە خانمەکانی کوردستان پارێزراوە . هیوای ئەوەس ئەخوازم کە ئاڵاکەی خۆیی بوون و کۆماری ئاگری و دێرسیم ژی ڕۆژێک ژ ڕۆژان ببینرێتەوە و ببنە ڕازێنەرەوەی مێژوومان لە موزەخانەکانمان .

====================

خاڵێکی فرە باڵکێش جە ئەم پێوەندی ئەوەسە کە کوردیەل پێشتر لە عەجەم و عەرەب و ترکان ئەم هەوڵەیان داگە . ئەمەش ئەوە ئەگەێنێ کە ئاسۆی دەوڵەتی کوردی لەو کاتەدا گەش بووە و سەرکردایەتی کورد خۆیان لۆ ئامادە و تەیار ئەکرد و بە دەم پێداویستیەکانیەوە، ئاڵای کوردستانیچ یەک لەوان ، ئەچون . زۆر جار بە ناڕەوا و لە ڕووی نەزانیەوە ئووشن کە ئاڵای کوردستان جە هی عەجەم و ڕەزاقولی مەیتەروە گیراوە . تەنانەت گوایە قازی محەمەدیش بەمە تاوان بار کراوە لە دادگای عەجەمان کە دەسکاری ئاڵای عەجەمانی کردبێ . کات و ساڵی هاتنە سەر دەسەڵاتی ڕەزاقلی مەیتەر و مستەفا کەماڵی ناتورک و فەیسەڵی حیجاز بەڵگەن لۆ ئەم ڕاستیەیە . ئاڵای عەجەم جە ١٩١٩ لەوانەیە کە هێشتا هەمان ئاڵای قاجارەکان بوویێت . لەورا ئەکرێ کە بووشین پێچەوانەی ئەو گوتەیە ڕاست بێت و ڕەزاقولی مەیتەر و دەوڵەتی عەجەم ئاڵای کوردستانیان قوزتبێتەوە لۆ خۆیان و هێندەک شتیان لێ زیاد کردبێ .



**ئالا گەلی عەجەمی قاجار**

ئەو کەسایەتیە ناودارانەی کە سەرکردایەتی ئەو کاتی کورد و بزاڤی نەتەوەیی کوردستانیان ئەکرد بریتی بوو ن لە : ئەمین عالی بەدرخان ، ئەکرەم جەمیل پاشا ، رەفعەت کەمال فەوزی ، نەجمەدین حوسێن ، مەمدوح سەلیم ، عەبدوڵڵا جەودەت ، شوکری  و حیکمەت و فوئاد بابان ، شوکری محەمەد و هتد . گۆمان لەوەدا نیە کە ئەم بابەتە کەسایەتیانە شارەزایەکی بەرزیان جە مێژووی سیاسی و بنەما و پاشخانی فەرهەنگی کورد هەبوو و لە سەر ئەو زانیاری و شارازایی یە ، ڕەنگ و پێکهاتەکانی ئاڵای کوردستانیان دیاری کرد .



**یەکەمین ئاڵای کوردستان لە ساڵی ١٩١٩**

گۆڕ زانیاری ئیرۆژی ئەمین عالی بەگ بەدرخان ئەو ئاڵایەی دروست کردوە . دواتر بوەتە ئاڵای خۆیی بوون و لە شۆڕش و کۆماری ئاگری و شۆڕشی دێرسیم ئەو ئاڵایە وەکی هێمای نەتەوەیی کورد بەرز کراوەتەوە. جە سەدەمی کۆمار لە مهابادا دیسان ئەو ئاڵایە بەرز کرایەوە ، ئەڵبەت بە هێندێک دەسکاریەوە . دەسکاریەکەش هێمای کمۆنیستی عرووسانی ئەو کاتەی پێوەیە کە گوڵە گەنمەکە و خامەکەیە و بەشێکی باشی ڕۆژەکەیان پێ شاردوەتەوە . ئەو گوله گەنمە جە ناو کمۆنیستانا باو بوو وەکی هێمای نان لۆ خەڵک کە قەت پێیان دابین نەکرا و خەڵکێکی زۆریان لە برسا کوشت .



**ئاڵاکەی کۆمار**

پێکهاتەی ئاڵای کوردستان لە راستی دا ڕەنگ دانەوەی فەرهەنگ و داب و نەریتێکی فرە کۆنە . ئەو سێ ڕەنگەی ئاڵای کوردستان هەر لە کۆنی کۆنەوە و جە ناو مەردم ئارایایی لە ئاستی گشتی دا ، هێمای سێ چینی کۆمەڵگا بووگە . کۆمەڵگای کوردەواری ، ئی دە گەلان و نەتەوەیەل ترێ ئارایایی یشی وەگەرد بووت ، لە سەردەمانی هەرە کۆن دا دابەش ببوو بە سێ چین و بەشەوە . یەکیان بەشی دەسەڵاتدار کە پاتشاکان سەرکردایەتیان ئەکرد . ئەم بەشە ، بەشی جەنگاوەر و شەڕکەری کۆمەڵگا بوون . ڕەنگی سوور هێمایان بوو . ئەم ئاکارە ، یەک بوونی پاتشا و سپا ، ئیسەیچ هەر ماوە و خەڵکە سیاسی و سەرکردەکان ، سپا و هیزی شەڕکەر بەڕێوە ئەبەن لە جیهانی تازەبابەتی ئیرۆژی دا .

ئا ددوان ، چینی جوتیار واتە خەڵکی بەرهەم هێنەر بوون و ڕەنگی سەوزیش هێمایان بوو ( دەخڵ و دان و سەوزایی ) . ئی دە سێهەم ژی چین وقاتا مرۆڤێن ئایینی ، پیران و موغان بوون (هەڵگرانی ئاڵای ئاشتی و تەبایی کۆمەڵایەتی و پارێزەرانی زانست و زانیاری ) و ڕەنگی سپێ لۆ ئەوان بوو . ڕۆژەکەش هێمای ئاهۆرا و ئایینی ئاهۆرایی و میترایی یە ( سەرچاوەی سەرەکی ژیان و چرای ڕووناک کەرەوەی ڕێگای ژیانی مرۆڤ و مرۆڤایەتی – ڕۆژ بە واتای خۆی ) .

ئەو پێکهاتە ڕەنگیانەی ئاڵای کوردستان هێژ واتا و پەیامی خویان لە دەست نەداوە لە ژیانی ئەم سەردەمەی ئێمەدا و ئەکرێ کە گۆڕ زانستی لێکدانەوەی ئاڵا و رەنگی ئاڵاکان (Vexillology) هەمان هێمای کۆنیان لۆ دابنێین وەک خو بەستنەوەیەک بە ڕەچەڵەکێکی کەونئارایی کۆمەڵکای کوردەوایەوە . ئەمە بەرهەمی بیر و هزری زانایان و کەسایەتی سیاسی ساڵی ١٩١٩ ی کوردەواریە و تەنانەت گەلێ دواتر لە سروودی ئەی ڕەقیب یش دا کە ئاماژە بە ڕۆڵەی میدیا و کەیخوسرە ئەکاتن ، ئەم هزرە دیسان بەرز ئەکرێتەوە . کەونئارایی کۆمەڵگای کوردەواری بنەچەی هزری نەتەوەیی کورد بووگە و ئیسەیچ کورد خۆی لێ دوور ناخاتەوە و لەوانەیە کە بتوانین بووشین کە ئەم ئاکارە یەکێک لە تیبەتمەندی زەق و کاریگەری نەتەوەیی کوردە کە هەم جە ئالائ کوردستان و هەر وسا ژی ژ سروودی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب دا ڕەنگی داوەتەوە . وەک دیارە کوردەکە قەت خۆی لە ڕابردووی دوور و نزیکی دانەبڕاندوە . ئەمانەش بیر و هزری نەتەوەیی لە ناسیۆنالیزمی باوی سەرمایەدری جیا ئەکاتەوە و ئەو چەند ژی خویا ئەکات کا چاڤا ئەحمەدی خانی و مەلای جەزیری و خانای قوبادی گەنگەشەی هزری نەتەوەیی کورد ئەکەن ژ دەمەک دا کو سەرمایەداری هێژ سەری هەڵ نەدابوو .

بێجگە لەم بارە سیاسیە ، ڕەنگی سپی با فەرهەنگا کوردان جێگەیەکی فرە تایبەتی هەس . تایبەتیەکەش ها وەگەرد خانمە بە تەمەن و بە ساڵاچووەکانی کورد بە گشتی و ئی دە خانمەیەل ئیزەدی بە تایبەتی . ئیدی با جارێ بەرگە سپی یەکەی بابا شێخ بوەستێ کو پاشماوە و یادگارەک ژ ژیان و فەرهەنگا کورد و پیر و موغانێن ئا کەونئارایە . سەرپۆشی سپی خانمەکانمان گشت گیرە و لە سەرتاسەری کوردستانا باو و زاڵە . سەرپۆشی سپی هێمایەکە ئەڕای پاکی و ئاشتی و بە چاکی ژیان و ڕەفتار و کرداری چاک و چاکەیە و بارێکی ئایینی ها وەگەردی . وەکی ئەبینرێ ، ئیدی ئەوە خانمە ئیزەدیەکانی کوردستان نین کە بە تەنیا ئەو هێمایەیان لە جل و بەرگی کەونئارایان پارستووە ، لێ بەلێ، خانماکانمان پارێزەری پەیام و هێمای ئەو ڕەنگە سپی یەن کە لە ناو قەدی ئاڵای کوردستانە و کۆنی و کەونئارایی ئەم دیاردەش بە قەدەر کۆنی و کەنئارایی بیر و هزرە کۆنەکەیە . لەوانەیە کە بکرێ بووشین کە ئەم ئاکارە فەرهەنگی یەی کوردەواری ( وەک سێ ڕۆژ ڕۆژوو و کەڵەشێری جەژن یەل خاوەنکار و ڕۆژوو – دواتر باسیان تێتە گۆرێ ) تەنیا بەو شێوەیە با کوردیەل مایێتەوە . لە سەروپێچی سپی شێخ و مەلای کوردەواریەوە بگرە هەتا خەڵاتی مردوو ، ڕەنگی سپێ هەمان واتا و پەیامی هەیە کە لە کۆنی کۆندا بوویەتی . هەر ئەم ئاکارەش بە شێوەیەک جە شێوەکان پەرەی سەندوەتە ناو دابی عارەبانەی ئیسلامی و ئەرای وینە لە ڕۆژی حەج دا . ڕەنگی سپی بەو واتا و پەیامەوە جە ناو عەرەبان باو نەبوگە ، نەخاسما جە سەردەما نەزانیانا ( جەهالەت ) و پتر ڕەنگی ڕەش دڵخوازیان بووگە وەکی ئیرۆ ژی دەبینین هەر لە داعشەوە هەتا ئاڵای وڵاتانی عەرەبی . عارەب و ئاشتی و ڕەنگی سپێ ، کوردەکەو ماچۆ ، ها وەکوورە ، ئەزبەنی ، سەیری مێژووەکەیان بکە کە ئێستا خۆشیان لاریان لێ نیە . دەست هەڵ هێنان و سەلام و عەلەیک ئانکو عەلەیکۆم ، هێمایەک بووە جە ناو فەرهەنگی عاەرب بۆ ڕاگەیاندنی ئەوەی کە لە بەیەک گەیشتنیان دا لۆ شەڕ و کوشت و پری چاوەڕانکراو و باوی خێڵ و هۆزەکانیان ، نەهاتوون بەڵکو لۆ ئاشتی ، وەک لە واتای وشەی سەلام دا دەرئەکەوێ .

ئاریشەیەک سیاسی جە هەمبەر ئاڵای کوردستان سەری هەڵداوە و کۆنە کمۆنیستان ، نەخاسما پ ک ک لە ژێر سەرکردایەتی کمۆنیستی ترکان و هۆگرانی هزری داعشی عارەبی – ئیسلامی کەوتونەتە بەربەرەکانێ و دوژمنایەتی زەق و دزێویان لە دژی ئاڵای کوردستان . هۆکارەکەشی ئەشێ لە هەمووان ڕوون بێت . ئاڵای کوردستان هێمای نەتەوەیی کوردە و وەکی هاتە گەنگەشەکرن ، ئیرۆ ژی ژ بۆ هەمان ئارمانج و مەبەست تێتە هەڵدان و بەرزکردنەوە کە جە ساڵی ١٩١٩ ئاڵاکەی لۆ چی کرا . ئاشکراشە و زۆریش سەیر نیە گەر لە خۆمانی تێک نەدەین کە دوژمن و نەیارانی ئاڵای کوردستان ، دوژمنایەتیان وەگەرد بوونی نەتەوەی کورد چوونە یەک نەتەوەی سەربەخۆ و کەونئارایە . ئەم بەزمەش تازە نیە . کاتی خۆی قاسملوو و حزبەکەی ، لۆ مەبەستی کوێر کردنەوەی ڕۆژی ئاڵای کوردستان ، ئەو ڕۆژەیان بە مەبەست کردە ڕۆژی پێشمەرگەکانیان وەک عەبدوڵای حەسەنزادە (حەیاکی) بە ڕاشکاوی دەبێژێ . لۆ ئەو بابەتە خەڵکانە و گۆڕ بیرۆکەی نەزۆکیان ، کورد وەک نەتەوەیەکی کەونئارا لێ بوەتەوە و یەکیەتی نەتەوەیی و نیشتمانی کورد بە لایانەوە جێگە و پێگەیەکی نیە و کابرایەکی وەکی هەباسی وەلی ئەرایان تێئۆریزە کردگە و ئووشت کورد پارێک ژ عەجەمە . بێ بەختیەک گران و مێژووی لە ئاڵای کوردستان و پێشمەرگەی کوردستان کرا . ئەو تاوانە مێژوویی یە لە هەمووان پتر لەو پێشمەرگانە کرا کە گیانی خۆیان لە پێناوی کورد و کوردستان و ڕزگاری نەتەوەیی دا بەخت ئەکرد . ئەشی ڕاگەیاندنی ڕۆژی ئاڵای کوردستان جە باشوور ، مزگێنێکی فرە خۆەش بوو بێت ئەڕای پێشمەرگەیەل کوردستان کە چێ دی بە ناوی ئەوانەوە ئەو نارەوایی یە دزێوە لە مێژوویی کورد و ئاڵای کوردستان و کۆمار و دەسکەوتەکانی ناکرێ. هەر ئەم بۆچوونەش بوە هۆکاری ئەوە کە ٢ ی ڕێبەندان لە مهابادێکە مێژووەکەی تێدا هاتبوە گۆرێ ، قەت جەژنی بۆ نەکرا و گلکۆ و مەزاری قازی بە بی ناز مایەوە و ئەو بە ناو پێرەوانی کۆمار و قازی یە ئاورێکیان لێ نەدایەوە و ئێستاش مەلا عەبدوڵای حەسەنزادە هۆکارەکەی ئەهێنێتە ئاراوە کە هەمان بیرۆکەی نکوولی کردن لە بوونی نەتوەیی کورد وەک نەتەوەیەکی سەربەخۆیە ئەڕای مەرایی و خۆشامایی لەبۆ عەجەمان گۆر بیرۆکەی کمۆنیستی – توودەیی زاڵ بە سەریان دا . ڕاپەڕینە مێژوویی یەکەی باشوور هەموو ئەمانەی پووچەڵ کردەوە و کوردە کەونئاراکەی ژیانەوە ، بە ئاڵا ڕەنگینەوە وەکی قەدری جان و جگەرخوون و گەلەک دن دەبێژن . مام هەژارەکەو ماچۆ:

لافاوی مێژوو بە گۆر و تاوە

پیسی و پڕ و پووش ئەخاتە لاوە

## جەزیری و خانی و فەرهەنگ و زانیاری کەڤن

ناوەرۆک و زمان و فەلسەفە و هێمای هۆزان و هۆزانڤانی مەلای جەزیری ئاماژەیەکی هەرە دیار و زەقە کو خویا ئەکاتن کە کۆمەڵگای کوردەوار ئەو سەردەمەدا هێژ خاوەنی زانیاری بەرز و کۆنی شارسانیەتی مرۆڤایەتی بووگە . دیوانی جەزیری تژی هێمای زانستی ئەستێرەناسی سەدەمی خۆیەتی و بە بێ زانینی ئەو زانستە و بە تایبەت ئەو تایبەتمەندیانەی کە مرۆڤ خستویەتە باڵ ستێر و گەرۆکێن ئاسمان و گەردوون بە گشتی ، گۆر ئانترۆپۆمۆرفیزم ، گەلەک ئەستەمە کو ئیرۆ ئەم ژ هزرا جەزیری تێبەگەین . خەرچەنگ و عەقرەب و زۆهرە و مشتەری و ماە و خورشید و هتد بە تەنێ ناو و دەستەواژەێد ڕووت نین بەلکو هەر یەک خودان ئاکار و تایبەتندیا خونە . لەوما تێ گەهشتن ژ پەیڤ و فەلسەفە و هزرا جەزیری گەلەک دژوارە نەخاسما لۆ جیل و نفشا نوو کو بە گرانی ژ فەرهەنگا کەڤن ڤەقەتیانە .

**نەوایا موتریب و چەنگێ ، فوغان ئاوێتە خەرچەنگێ** ( سرێ مەیگێر ٠ جەزیری ) ، ئەبێ ئاماژە بێتن ژ بویەرەک ئا گەردوونی و زانیاریا جەزیری ژ وێ بوویەرێ . هۆزانێن عەلی حەریری و نەخاسما فەقێ تەیران و هەر وسا ژی ئی دە ئەحمەدێ خانی و خانای خان قوباد بەو زمانە و بە ڤێ ئاوا هاتیە هۆنینەوە و داڕێتن . زمانەک تایبەتی ئی سەرەدەما خۆیە و ئیرۆ وەکی زمانا کیمیاگەری (alchemy) تێتە ناساندن و ناسکرن . کیمیاگەری ژی ئیرۆ وەکی سێحر و جادوو و زانستی نهێنی کیمیاگەرێن پێشوو ئەخەملێندرێ کە گوایە دار و بەردیان ئەگۆری بە زێر و زێڤ . خراویچ نیە کە مەردم بزانبن کو ئیسحاق نیۆتۆن ( Isaac Newton ، ١٦٤٣ – ١٧٢٧ ) ، باوکی فیزیک لە سەردەمی خۆیا ، هەموو ژیانی خەریکی ئەوە بوو کە نهێنیەکانی کیمیاگەری بدۆزێتەوە و هیچیشی دەس نەکەفت و مایە پووچ دەرچوو و لە کۆتایی ژیانیدا هەمو بەرهەم و نووسراوەکانی لە مەر ئەم بابەتە شەوەتاند . چیرۆکی ئیسحاق نیۆتۆن ڤێ راستی خویا ئەکاتن کە ئەو زانستە کە زانستی ڕۆژهەڵاتی بوو ، لە چاخی ئەودا بە هەند وەرئەگیرا .

دان و سەندن و هەڤ پەیڤینا وێژەیی و زانستی فەقێ تەیران و مەلای جەزیری ڤێ چەندێ خویا دەکاتن کە جە سەردما وان ، ئەڤ زمان و زانست جە کوردەوای دا باو بووگە . لەمەیچ فرە گرینگتر دان و سەندن و بیر و هزر گۆرینەوەی مەلای جەزیری وەگەرد میر عیمادەدین ، ئەوە وەپیمان ئووشت کە ئەو زمان و زانستە تەنیا با مەلا و زانایەل کوردستان نەبووگە بەلکو گشت گیر بووگە و دەسەڵاتداریەل چوونە عیمادەدین ژی لێی شارەزا بووگن .

چەند مینا ئەڕای ئاستی زانستی و زانیاری دە کەڤن جە کوردستانێ :

ب دەربێ کەوکەبا سوبحێ ل مەشرق زوهرە تالع بت

زوحەل دوور بت ب شەش بورجان و وندا بت د غەربێ دا (جەزیری )

------------------------

| | |
|---|---|
| ڕەمزا د نەجم و هەیئەتێ | عەقلێ موجەڕەد نارەسێ |
| بێ نورێ عیلمێ وەحدەتێ | ئەو ما د شەک و شوبهەدا (جەزیری ) |

---------------

| | |
|---|---|
| ئەو جەزمە دایێ مەرکەزان | ئێ دل ژ بەر شەوقێ لەزان |
| حکمەت ب قانوونێ بزان | ئەهلێ دل ئەڤ ژێ گوفتە دا (جەزیری ) |

------------------

| | | |
|---|---|---|
| کۆڤانێن مهرداران | بێ حەد و بێ ئەژمارن | |
| تیرێن د وان هەساران | سەد جاران سەد هەزارن | |
| خەدەنگێن وان نووباران | نهین و خەف دبارن | ( فەقێ تەیران ) |

---------

مقدار و شەکلێ هەندەسی        کێم زیدە ، یەک پێ ناحەسی

تەسویر دەکر ئەقلیدەسی          حەتا د سەتحێ سوفلە دا      (جەزیری )

---------------------

قایم دبتن عەرز ب جەوهەر      بێ شەمس قەمەر دبت مونەوەر ؟   (خانی )

-----------------

ب حوسنا ( ئەحسەن ئەلتەقویم ) و زاهر سوورەتێ زاتی

نەزەر دی ( عیلم ئەل ئەسمائ ) و باتن عەینی مەرئاتی           (جەزیری )

===========================

ڕەمزا د نەجم و هەیئەتێ ، عیلمێ وەحدەتێ ( تو بێژی کە ئەمە چرۆ و کروکی هەمان تیئۆری هەموو شتێک (theory of everything) نەبێت کە ئاڵبێرت ئاینشتاین (Albert Einstein) پێوەی خەریک و زۆر بە خراپی تێشیدا شکا ) ، جەزمە و مەرکەزان ، حیکمەت و قانوون ، ئەحسەن ئەلتەقویم ، عیلم ئەل ئەسمائ ، شەکلێ هەندەسێ ، هەندەسەی ئەقلیدەسی ( وەکی ڕەنگ و دەنگ دانەوەی شکلێ ئاسمانان لە سەر سەتحی سوفلای – خواروی -  زەوی تێتە دیاری کرن ) ، ئەژمارێ هەساران ، سەدجاران سەد هەزار ( واتە چەندین جاران ١٠ ملیۆن )، گشت ئاستی بەرزی زانست دەر ئەخات . لەوانەوشە کە فەقێ تەیران یەکەم کەس بێت کە بەو **ژمارە** هەرە گاورەیە ، زۆری و بێ ئەژماری ستێرکن ئاسمانی دیاری کردبێ . خانی و خانای قوبادی و بیر و هزرا سیاسی و کۆمەڵایەتی و زانستی و ئەستێرەناسی وان ژی کو پچێک ژ زمان و ڕامانا کیمیاگەری دوور کەفتنەتەوە ، دیسا بەڵگەی هەمان ڕاستین کە کوردەواری وارگەها زانست و پێشکەفتن بووگە . فرە کۆنتر ، شارەزوور و لەویچ فرە کۆنتر حەران لە کوردستانا وەکی ناوەندی زانست هاتنە ناساندن و وسا خویا ئەبێتن کو شارسانیەتیا مرۆڤایەتی ژ کوردستانێ بە هەر ناو و ڕەنگێک بوویێت بەردەوام بووگە .

دیرۆک و مێژووی کوردەواری هێدی هێدی تێتە شرۆڤە کرن و کەسایەتێن ناودار ێن زانست و شارسانیەت تێنە ناساندنەوە و بیرمەندێن کورد جە سەردەما نوو یەک بە یەک ئەیان بیننەوە و بە خەڵکیان ئە ناسێنن، ماڵیان ئاڤا بێتن . وەکی خویا ئەبێتن چی دی مێژووی کورد نایێتە چەواشەکرن و کوێرکردنەوە . هەڵبەت گەرەکە ئەو چەند ژی بێتە ئاماژە کرن کو ئیمە هێشتا لە سەرەتای ئەوڕیگادایین و فرەمان ماگە کە  دیرۆک و مێژووی خۆمان بە تەواوەتی ساخ بکەینەوە . ئەوەیچ لێگرە مەبەستە ئەوەسە کە بە هەنەک داودۆزی جە کەلەپوور و سامانی وەێژەی کوردەواری ، نەخاسما وێژەی نڤیسکی ، ڤێ ڕاستی بێتە بینین کو خامەێد کوردەواری ، فەرهەنگ و زانیاری کەڤن تۆمار کریە و ژ بەر دەست دایە .

ئەحمەدێ خانی د مەم و زین دە ، مژارا نەورۆژ تێنێ هولێ و دەسپێکا نەورۆژ بە بزاڤا شروشت و گەڕ و سوور و دەوری ستێرکان خویا ئەکاتن و دەبێژی کو هەر کاتێ هاتنە " نوقتەیێ ڕەبیعێ و ئیعتەدالێ " ، ئەودەم نەورۆژ و سەرێ سالێ یە . خانی کەوئارا بوونی نەورۆز وەکی "عادەتێ پێشی یێ بێ زەمانان" دیاری ئەکات کو گەلەک بال کێشە . داب و نەریت و بەزمی جەژنا سەرسالێ ژی وسا دەڕەنگێنێ کە دەق وەکی کارنەڤاڵێک تێتە خویا بوون و دەبێژێ کو ئەڤ چەند ژی "ڕەسم و ڕاهێ مەعهود " ە . بشنەفن ژ خانی مەزن ڤە :

هندەک ژ تەحەڕوکا تەبیعی

ئەو تێنە ب نوقتەیا ڕەبیعی

تەجدید دکن ژ بۆ مە سالێ

گاڤا وەکو تێنە ئیعتیدالێ

-------------

دانایێ موعەممەرێ کوهەن سال

ئەڤ ڕەنگەه گۆ ژ بۆ مە ئەحوال

کو عادەتێ پێشی یێ بێ زەمانان

ئەڤ بوو لە هەمی جێهو مەکانان

وەقتێ وەکو شەهسەوای خاوەر

تەحویل دکر د ماهێ ئازەر

یەعنی کو دەهاتە برجێ سەرسال

قەت کەس نەدەما د مەسکەن و مال

----------------------

سەرسالی و باکیر و روالان

سەد سالی و جوان و پیر و کالان

سەرسال ل ڕەسم و ڕاهێ مەعهود

گیرا ل جیهو مەقامێ مەحموود

## خانی و نەورۆز و چیرۆکێکی دێرین

ئەحمەدێ خانی دە مژارا نەرۆز ، ئاماژە بە " تەحەڕوکا تەبیعی و نوقتەیا ڕەبیعی و ئیعتیدالێ " دەکات کو پێرا دەسپێکا سالێ و سەرە سالێ دیاری ئەکاتن و ئەو ژی ژ " موعەممەرێ کوهەن سال " هین بوویە وەکی بۆخوە دەبێژێ . چیرۆک چیە ؟

ئەو چیرۆک گەلەک کەڤنە و دەزڤڕێتەڤە سەر چیرۆکا هۆروس و سەت ئا مسریان . هۆروس هێمای ڕۆژ و سەت هێمایێ شەڤە . ئەدوو ژی دە شەڕ و ململانێکی بەردەوام دان بە درێژایی ساڵ . دەو شەرەدا سەرکەفتن و ژێر کەفتن و هاوتا بوون تێتە هۆلێ . بلا ژ سەرسالێ را دەس پێ بکەین . شەڤێ ڕۆژێ بەرێ سەر ساڵ ، لووتکەی باڵادەستی سەت واتە شەڤە و لەم سۆنگەوە ئەو شەوە درێژترین شەوی ساڵە . لێ ژ یەکەم ڕۆژی ساڵی نوێ دا هورۆس ئانکو ڕۆژ ڕەوتی سەرکەوتنی خۆی دەس پێ ئەکاتەو و ڕۆژ بە ڕۆژ درێژ تەر ئەبێتەوە . ئەمە خاڵی سەرەتایی ڕەوتی سەرکەوتنی ڕۆژە بە سەر شەوا . ل ٢١ مارس دا و لە درێژەی باڵا دەستی ڕۆژ ، شەو و ڕۆژ یەکسان ئەبن کە بووگەسە هێمای نەورۆز و جەژنی نەتەوەیی کوردیەل . ئەمەش ئەو " ئیعتەدال " یە کە خانی ئاماژەی پێ ئەکات .  ئەم ڕەوتەش درێژەی هەس هەتا ئەگاتە ئەو ڕۆژەی (٢١ ی جوون ) کە ڕۆژ ئەگاتە ئەوپەڕی باڵادەستی و دریژترین ڕۆژی ساڵ تێتە ئاراوە ، ئەبێتە جەژنی بەهارە لە کوردەواریدا . پاش ئەم درێژترین ڕۆژە ، ڕۆژ ئەکەوێتە سەرەولێژی و ڕۆژ بر ڕۆژ کورت تەر ئەبێتەوە هەتاکو دیسان یەکسانی شەو ورۆژ دیسان تێتە ئاراوە (٢٣ ی سپیتامبەر)، ئەمەش چەژنی پاییزەیە لە کوردەواری . لەو ڕۆژەش بە دواوە ئیتر ئەوە سەت واتە شەوە کە ئەگاتە باڵا دەستی و شەو بە شەو درێژ تەر ئەبێتەوە هەتا ئەگاتە درێژترین شەو (٢١ ی دیسامبەر ) و گەڕ و دەورەکە دیسان دووپات ئەبێتەوە .

جەژن یەل کوردەواری کۆن و ئی دە خاوەنکار و ڕۆژوو کو هێژ مایە و بەڕێوە ئەچێت ، پێوەندیان بەم گەڕ و سوورە سروشتی و خوزایی (تەحەڕوکا تەبیعی) و (نوقتەیا ڕەبیعی - بەهارە و هاوینە و پاییزە و زستانە)

یەوە هەس کو گەڕ و سووری ستێرکێن ئاسمان ئەوان " نوقتەیان " خاڵ و کاتەکانیان دیاری ئەکەن گۆڕ زانستی ئەستێرەناسی هەر جە فرە کۆنەوە .

شایانی ڕامان و سرنجە کو بۆنەی ((Easter (Pascha / Resurrection Sunday) ئا کریستیان کەم تا کورتێ هاوکاتە وەگەرد جەژنی بەهارەی ئێزیدی ژ کوردستانێ . کریستیان ژی دە وی باوەری دان کو عیسا هاتیە کوشتن و سێ ڕۆژان دە گۆڕێ دا بوویە و پشتی وان سێ ڕۆژان دیسانەوە ژیاوەتەوە . جەژنی ڕابوون گۆڕ ئەو چیرۆکە چی بوویە کە هەمان چیرۆکا کەڤن جە مەڕ خۆرە ژ سەرەێ ساڵێ دا .




**وێنەی شەڕی هۆروس و سەت ( ڕۆژ و شەو )**

## خانای خان قوباد و ویلیام شکسپیر و ئادام سمیس

خانای قوبادی یەکێک تر جە کەسایەتی گاورە و کەمتەر ناسریاگی کوردەواریە کە توانین بووشین هاوچاخی ئەحمەدی خانی بووگە و دەقاودەق ڕێبازی وێژەیی خانی گرتوەتە بەر و داستای شیرین و خوسرەی بە هەمان مەبەستی خانی هۆنیوەتەوە . هێنانە ئارای خانای گاورە لێگرە بە مەبەستی نیشاندانی ئاستی زانست جە کوردستانە . خانای قوبادی خاوەنی بیر و هزری بەرزی کۆمەڵایەتی و فەلسەفی و سیاسی یە کە لە بەرهەمەکەی دا ڕەنگ و دەنگی داوەتەوە .

سەبارەت بە هۆکاری بە کوردی نووسین و نرخ و بایەخدانی بە زوانی کوردی خانا ئەفەرمۆ :

ڕاستەن مواچان فارسی شەکەرەن

کوردی جە فارسی بەل شیرین تەرەن

پەی چێش ؟ نە دەوران ئەی دنیای بەد کیش

مەحزووزەن هەر کەس بە زوبان وێش

مەعلوومەن هەر کەس بە هەر زوبانێ

بواچۆ نەزمێ جە هەر مەکانێ

وێنەی عورووسان زیبای موشک چین

بکەرۆش جە حوسن عیبارەت شیرین

خاریج جە مەعنی نەبۆ مەزموونش

کریا بۆ چۆن ( جامی ) مەوزوونش

جەلای خێرەدمەند دڵ پەسەند مبۆ

شیرین تەر جە شەهد شیرەی قەند مبۆ

بە لەفزی کوردی ، کوردستان تەمام

پێش بوان مەحزوز ، باقی وەلسەلام

ئەم گیانە بەرز و مرۆڤانەی خانا بە ڕاستی جێگەی ڕامانە . خانا بیر و هزری ئەو ماف و کێشە لە هەر زوبانێ جە هەر مەکانێ وەپێمان شاناسینە کە ئیرۆ ئیمە توانین ناوگەلی تازەبابەت وینەی پلۆرالیزم و دێمۆکراسی ئەڕای دابنێن . خانا وەپیمان ئووشت کە ئەو گیانە بەرزە کوردانەی کە ئیسەیچ وەگەردمان ماگە فرە کۆنە و خانایچ وەگەردی ژیاگە و ڕیبازی ژیانی بووگە و بە تێکڕا تایبەتمەندی فەرهەنگ کوردەواری بووگە و ئیسەیچ هەس .

خانا پێوەندی داد و دادپەروەری و یان جوورە زمانی ئیرۆژی ، دێمۆکراسی وەگەرد ئابووری فرە خاس ناسیگە و فەرماۆ کە "

زەراعەت جە نوور ئەو زولف بۆ عەنبەر

یەک بە سەد مکەرد ، بەل زیادتەر

هەر بەی جوورەیچ پێشکەفتن و ئاوەدانی وڵات لە دادپەروەی و دادگەریا ئەبینێ و ئووشت :

بەڵێ جە خانای عەتارید خامە

مونشی وەسف زولف عەنبەر شەمامە

بە شەمع شەریف بشنەو حیکایەت

ئەر قەسدەش خێرەن والی ویلایەت

بە جای گوڵ زەمین ماوەر گەوهەر

سەنگ مەبۆ بە لاڵ ، خاکەش بە عەنبەر

ئەر والی بێ عەدڵ ، شەرارەت پیشەن

بەد جینس ، بەد کار ، دوور جە ئەندیشەن

وڵگەی مەملەکەت کەی مەعموور مبۆ

ئەیمەنی و ڕاحەت جە خەلق دوور مەبۆ

------------------

خانا ئەوەیچ بە دەستور دەوران و پەندی پیران زانیگە کە کاروباری ژیان ئەشی بە شێوازی ڕاوێژ و راوێژکاری ( تەدبیر ) وەڕیوە بچێتن . ئاماژە بە دەستوری دەوران و پەندی پیران هەمان " دانایێ موعەممەرێ کوهەن سال " و " ڕەسم و ڕاهێ مەعهود " و "عادەتێ پێشی یێ بێ زەمانان " ە کو خانی هاورەدگەسە هۆلێ.

بەڵێ دەستورەن نە عەرسەی دەوران

وەختێ کار سەخت روو دۆ نە ئینسان

ئەر چون ئەفلاتوون موشکاۆ مبۆ

فرێ پێش خەریک هەم خەرکاو مبۆ

خوسرەو کەرد بە هۆش ڕەوشەنی زەمیر

ئەی کارە بە دەست روجوع تەدبیر

پەی چێش مواچان : یە پەند پیرەن

تەحلیل موشکل هەر بە تەدبیرەن

خالێک فرە باڵکێش و شایانی ڕامان ، وردبینی خاناس وەبان یاسا و ڕێسای ئابووری . یاسای " داوا و دابین کردن (demand and supply) " لە ئابووری سەرمایەداریدا فرە بە ناوبانگە و فێری خوێندکاری فێرگەکان ئەکرێ . خانا لێگرە پێشتر لە ئادام سمیس (Adam Smith١٧٩٠- ١٧٢٣-) و تەنانەت پێش سەرهەڵدانی سەرمایەداری و گەشەکردنی لە کوردستان ، باسی ئەکات . بیر و هزری دادپەروەرانەی خانا و کاریگەری لە سەر باری ئابووری وڵات بە بەراوەرد وەگەرد ئادام سمیس شیاوی ئاماژە پێ کردنە . گوتەیەکی ئادام سمیس لە مەڕ کۆیلە و کۆیلەداری (ئی ڕەش پێستەکانی ئافریکا لە ئامریکا ) باوی سەردەمەکەی تۆمارکراوە کە ئووشت بەکار هێنانی کۆیلە لە کاتێکدا کە تیکنۆلۆژی گەشەی کردوە گرانە و زۆر هەڵئەگرێ ، واتا تێکنۆلۆژی لە کۆیلە هەرزانتەرە . ئیدی باسێک لە مرۆڤ و مرۆڤایەتی لە ئارادا نیە و جەنابی ئادام سمیس تەنیا چاوی لە ڕێکارێک بووە کە بەرژەوەندی و قازانجی سەرمایەداری دابین بکات و بەم هزرەوە ئامۆژگاری پارەپەرەستانی سەردەمی خۆی ئەکات . بە پێچەوانەوە ، خانا دادپەروەری و ئاوەدانی وڵات و باری ئابووری پێگەوە گرێ ئەدات و بەو جۆرە ئامۆژگاری ئەکات :

پەی چێش ؟ کە دنیا یە بازارشن

هەر جینسێ دوو کەس خەریدارەشن

بەی تەورەن دەستوورجە لای سەوداگەر

بەهای ئە جینسە مبۆ گرانتەر

------------------------

بەڵێ جە لای ئەهل دانای دیاری

خاس نیەن کەرۆ کەس تیزبازاڕی

مەتای هەر کەسێ خریدارەشن

ئەر زوو بۆەرشۆ سەرفەی کارشەن

دەوڵەمەند ئەوەن کالای وێش دایم

چون ڕەواجش بۆ نەکەرۆ قایم

خانا لێگرە گەنگەشەی قایمکاری ئانکو شاردنەوە (ئیحتەکار - hoarding) و باری خراوی ئەکات . قایم کاری ئاکارێکی ناشیرینە و لە زۆربەی هەرە زۆری فەرهەنگ و هزری مرۆڤایەتی دا بە چتێکی ناشیرین و دزێو ناسریاگە . خانا زیاد لەمانەیچ ئاماژە بە " سەرفە " بەرژەوەندی و قازانجێک ئەکات کە قایم نەکردن و نەشاردنەوە لۆ سەوداکارانی دابین ئەکات . خانا وە زوان " ئەهل دانای دیاری " واتە زانایان و لێزانان ، دژی بازارگەرمی " تیزبازاڕی " ئەوەستێ . گەر تۆزکاڵێک سەیر جیهانی سەرمایەداری ئیرۆ بکەین کە شەو و ڕۆژ گۆش مەردمیان بە بانگەشەی خاپێنەر کەڕ کردگە ، وەک دیاردەی تازەبابەتی سەرمایەداری و فرە بەرهەمی و فرە پرانەوە (consuming society) ، ئەوجا نرخی بیر و هزری خانا دەرئەکەفێ .


ئەمە خانای کوردیەلە ، بلا پروانینە ویلیام شکیسپیر (William Shakespeare) و وەگەرد خانا بەراوەردی بکەین . بە پێچەوانەی خانا ، شکیسپیر و باوک و بنەماڵەکەی لە ڕیزی قایمکارانی ناوزراوی ئینگلیسە . ئەوڕاستیە لە ژیانی شکیسپیرا تۆمار کریاگە کە ئەو تەنانەت دوای ئەوەی لە کار و باری شانۆگەری بوەوە و گەڕیاوە شارۆچکەکەی ، چەند جارێک لە سەر قایمکاری ناڕەوای گیراوە و لێی پێچراوەتەوە .

بەراوەردێکی دیکەش لە نێوان خانی و خانا و شکێسپێر پیویستە لێگرە ئاماژە وەپی بکەین . خانا و خانی دوو چیرۆکی ئەڤینداریان لۆ کار و بەرهەمەکەیان هەڵ بژاردوە کە هی خەڵک و خاکەکەی خۆیانە و ڕیشەی قوولیان بووگە جە ناو فەرهەنگ نیشتمانەکەیان ، کوردستان . مەبەست و ئارمانجی خانا و خانی لە شاکارە وەیژەیی یەکانیاندا – " مەم و زین " و " شیرین و خوسرەو " ، داکۆکی و گەشە پێ دانی بیر و هزری کوردانە و نەتەوەیی کورد بووە ، ئەویچ لە سەردەمێکدا کە هێژ بیری نەتەوەیی و نیشتمانی بەتەواوەتی چەکەری نەکردبوو نەک هەر لە کوردستان بەڵکو جە فرە شوێنی دیکەشدا .

بە پێچەوانەوەی خانا و خانی ، شکیسپیر ڕۆمیۆ و ژولیەتی هەڵبژارد کە فری بە سەر مەردم ئینگیسەوە نەبوو . بەر لە شکیسپیر ئەو چیرۆکە ئەڤیندارییە کە لە فلۆرانس – ئیتالیا سەری هەلدابوو لە گەلێ شوێنی دیکەدا ، بە تایبەت لە فەرانسە ، بڵاو ببوەوە و تەنانەت لە شێوەی شانۆ و هۆزان . ئەوەی کە شکیسپیر کردی لە ڕاستیدا وەرگێرانی ئەو چیرۆکە بە هێندێک دەسکاریەوە بوو ، هەر چەند کە پێشتریش وەرگێریابوە سەر زوانی ئینگلیسی . ئاستی بەرزی هونەریەکەشی ئەو نەبوو کە ئیمرۆ لە بەر دەستایە. ئەو بەرهەمەی شکیسپیر ، دوای خۆی قۆناخ بە قۆناخ و چاخ بە چاخ دەسکاری کراوە و ڕێک و پێکتر کراوە. هۆکاری ئەم فرمانە نەزانراوە ئەو ڕاستیە بوو کە شکیسپیر کرا بە هۆزان و هۆزانڤانی سەردەمی ئیمپراتووری کلۆنیالیزمی سەرمایەداری هەر لە دسەردەمی ئیلیزابتی (*Elizabeth I*) هاوچاخیەوە هەتا کۆتایی ئەو ئیمپراتووریەی ئینگلیزان .

## ئەستێرەی بەیان و ئەستێرەی کاروان کوژە و کات ژمێری شڤان و وەرزێران

وەکی هاتە گەنگەشە کرن ، هەر جە فرە کۆنەوە ، مرۆڤایەتی ڕێکاری تایبەتی خۆی بینیەوە و گۆڕ شارەزایی و زانیاری ژ گەڕ و سووری هەسارەیەل ئاسمان ژیانی خۆی بەڕێوە ئەبرد ، نەخاسما گەڕیدە و گەشتیارانی ناو دەریا . کۆمەڵگای کوردەواریش چوونە بەشێک لە مرۆڤایەتی خاوەن شارسانیەت لەم فرمانە بە دوور نەبووگن . ئەڕای دۆزینەوەی باکوور و باشووری گۆی زەوی ، ئەشێ ئەو تاکە ئەستێرەی کە ئیسە نیشاندەری باکوورە و وەپی ئووشن ئەستێرەی باکوور (**pole star**) ببینرێتەوە . لۆ بینیەوەی ئەو ستێرک ، کۆ ستێرەیەکی تاینەتی هەس کە بە کوردی وەپی ئووشن " حەوتەوانە " بە سانایی ئەینرێتەوە و لە ڕێگەی ئەیشەوە ئەستێرەی باکوور ئیدی گەلەک هاسانە . ناوەکە بە کوردی گەلێ خوەش و جوان و واتادارە . کۆئەستێرەکە لە حەفت ئەستێرە پێک دێت و حەوتەوانەش ناوێکی پڕ بە پێستیەتی .




**ڕێکاری دۆزینەوەی ئەستێرەی باکوور**


ئەستێرەی بەیان (Venus) و کاروان کوژەش شیاوی ڕامانە لێگرە . ئەستێرەی بەیان ناوەکەی بە خۆیەوە دیارە و نیشاندەری بەرەبەیانە و کاتەکە دیاری ئەکاتن . کاروان کوژەش ئەستێرەیەکە پڕێک هاوشێوە وەگەرد ئەستێرەی بەیانە لە شەوق و ڕووناکی دا و پێش ئەستێرەی بەیان هەڵ دێت . ناوەکەشی لەوەوە هاتگە کە مەردم کوردستان ژیانی خۆیان لە ڕێگەی ئەستێرەوە پڕێوە بردگە و کاروان و کاروانیان ژی لەم ئاکارە بەدر نەبووگن . لێ لە ناسێنەوەی ئەستێرەی بەیان و کاروان کوژە تووشی هەڵە هاتون لە وەرزێکی

تایبەتی دا و کاروان کوژەیان بە ئەستێرە بەیان زانیوە و کاروانیان تووشی سەختی و چەرمەسەری کردوە و ناوەکەش لەم چیرۆکەوە هاتوە کە ناوێکی پڕ بە پێستیەتی و کوردێکی خۆشە . لە ناو کریستیانا دایکی عیسا وەک ئەستێرەی بەیان نێتە قاڵ کرن و چیرۆکی سەیر و سەمەری بۆ هۆنراوەتەوە .



**وینەی ئەستێرەی بەیان**

لەم دوایانە ئاسەواری ڕۆژژمێرکی کۆنین جە کوردستا دۆزرایەوە کە وەبان یاڵی شاخ و تەپۆڵکەیەکەوە چێ کرابوو . پێشتر وێنەی ئەم ئاسەوارە لە شوێنی دیکەی جیهانا ، بەتایبەت لە ئامریکای لاتین دۆزرابوونەوە کە پاشماوەی زانیاری خەڵکە لە گەڕ و سووری خور و ستێرکان و دەس نیشانکردنی ڕۆژ و وەرزەکانی ساڵ گۆڕ ئەو زانیاریانە ( بڕوانە وێنەکانی خوارەوە ) . جە ئاستێکی دیکە دا شڤان و دەشتەوان و وەرزێرانی کوردەواری وچانەی پێش نیوەرۆ و نیوەرۆ و عەسرۆژەیان بە گوێرەی سێبەری خۆیانن دیاری ئەکرد . کە سێبەر بگەشتا یەک پێ و نیو ، ئەوە کاتی مۆڵدانی ئاژەڵ و وچانی نێوەڕۆژانە بوو ، هەر بەم شێوەش کاتی عەسرۆژە دیاری ئەکرا . ئەمەش هی سەردەمانێکە کە هێشتا کاتژمێر بە بەرفرەهی نەهاتبوە ئاراوە . کە کات ژمێریچ هاتە ئاراوە ، کورد دەم و کاتی خۆی دیاری کرد و وەپێ ئەگوتن کاتی کوردانە . کاتی کوردانە کە پیر وکالێن سەردەمی منداڵی ئێمەومانان وەکاریان ئەهێنا ، لە ٦ ی بەیانیە دەستی پێ ئەکرد بە پێچەوانەی ئەو کاتژمێرانەی کە باو بوون و لە ١٢ شەوەوە دەستیان پێ ئەکرد . لەل ئەمانە ، زانایانی کوردەواری ڕۆژ ژمێری تایبەتی خۆیان پێکەوە نابوو . ئەڕای نموونە ڕۆژ ژمێرەکەی شێخ حەسەنی مەلاناوە جە دەڤەری سەقز بە ناوبانگ بوو لەو دەڤەرە و بەرهەمی شێخ حەسەن بۆ خۆی بوو .



**وێنەی ڕۆژ ژمێری کەنئارا لە پروو**

## جە چاخی کەڵەشێرەوە ژ بۆ سەردەمی قەل ( قەلەموون – عەلی شیش )





جە جەژنەکەو خاوەنکارو کاکەیی - یارسانی و هەر وسا ژی ژ جەژنا ڕۆژوو ێن ئێزدایەتی ، پاشی سێ ڕۆژ ڕۆژووەکە ، کەڵەشێر ئانکو کەڵەباب ، تێتە قوربانی کرن و ئەو جەژن یەلە ڕەسەنە کوردیانە بە بێ کەڵەشێر چێ نابێتن . مێژووی ئەم نەریتە دیار نیە و هەر ئەوندەمان لۆ ئەمێنێتەوە کە چوونە ئەحمەدێ خانی بووشین کە " عادەتێ پێشی یێ بێ زەمانان " ە واتە ئی دە کەڤنئارایە .

سازکردنی کریستیانیتی لە سەر بنەمای میترایی ، داب و نەریتی میترایی تێکەل بە کریستیان کرد و یەک لەوانە خواردنی کەڵەشێر لە جەژنی کریسمەس دا . لێ پاش داگیرکاری هۆڤانانەی سپی لەش دڵ ڕەشەکانی ئاورووپاییی بە دەس پێشخەری کریستۆفر کۆلۆمبۆ (Christopher Columbus ) لە ئامریکا ، گەلێ بەرهەمی ڕەوەکی و ئاژەلی ئەو ناوە وەک توتون و پەتاتە و تەماتە و قەل گەیندرایە ئاورووپا و لە وێشەوە بۆ جیهان بڵاو بووەوە . قەل بابەتی مژارەکەیە کە وردە وردە جێگەی کەڵەشێری لە جەژنی کریسمەس دا گرتەوە . هۆکاری ئەمەیچ لەوانە ئەوە بێت کە بێجگە لە خۆشی گۆشتەکەی ، زاو وزێی خیرای قەل بووبێتە بەڵای سەریان و لە جیاتی کەڵەشێر بە کار هاتبێتن . بە دڵنیایی یەوە ئەکرێ کە بووشین کە پێش ئەو کاتە قەل لە دابی کریسمەس دا جێگەیەکی نەبووە .

کەڵەشێر لە کۆن دا ئەشێ هێمای ئایینی کریستیان بووبێت و پەرەستگاکانیان وەپی ڕازاندوبێتەوە . ئەو هێمایە هێژ ژی وە بان گەلێ کلیسای کریستان ئەبینرێ وەک لەو وێنانەی خوارەوە ئەبینرێ . ئەم ڕاستیەیچ ئەوە ئەسەلمێنێ کە داب و نەریتی قوربانی کردنی کەڵەشێر با مەردم یاری و ئێزدی و چۆنیەتی ساز کردنەکەی جە لایەن خانم یەل و خواردن و دابەش کردنەکەی ، بەلانی کەمەوە دەزڤڕێتەڤە بەرێ کریستیان .

خەڵکی ساویلکە و ناشارەزا لە مێژوو لە ڕۆژئاوا ، ئەو هێمای کەڵەشێرە بە هێمای بێ بەختی و خەیانەتی پیتر (Peter) لە عیسا ئەزانن کە لە چیرۆکەکەیان دا ئووشت کە گوایە عێسا لە شەوی گرتنەکەی دا بە پیتری گوتبێ کە بەر لە قوقەی کەڵەشێری بەیان ئەتۆ سێ جار پشت لە من ئەکەی .  ئیدی ، ئەوان خەڵکان نازانن کە ئەو کەڵەشێرە هەمان کەڵەشێری کەڤنئارایە کو ئیرۆ ژی ژ کوردستان با مەردم یاری و ئیزدی وەک خۆی ماگە .



**هێمای کەڵەشیر وەبان کلیساکانەوە**

## هێمای کەونئارایی زمانی کوردی چوونە زمانی ئایینی یاری و ئیزەدی

زمانی ئایینی مەردم یاری هەورامی یە و ئی دە ئیزدایەتی ژی کورمانجی یە . ئەم ڕاستیەش بەتەنیا هێمایەکە ئەڕای کەونئارا بوونی زمانەکەیان . بنەرینە ئەزمانی عارەبی چوونە زمانێ ئایینی ئیسلام . ئەو زمانە بە تۆپزی پریا بە سەر هەموو ئەو خەڵکانەی کە کەفتنە ژێر رکێفی سپا تاڵانکەرەکەی ئیسلام و بوو بە زمانی بەڕیوەبەری دەسەڵاتی ئیسلامی و بواری گەشە سەندنی لە زمانی خەڵک و نەتەوەیەل ژێردەستیان پری . فرەیەک لە زمانە کۆنەکان کوێر بوونەوە و ئەوەیچ ما بە زۆری کەفتنە ژێر کاریگەری زۆرەملی عارەبەوە . عارەب و ئیسلامەکەیان فرە لە سەر ئەوە ڕژد بوون کە زمانی نزا و پاڕانەوە لە خوا ئەبێ تەنیا بە عارەبی بێت و بێجگە لەویان بە تاوان ئەزانی و سزاکەشی گەلێ قورس بوو گۆر داب و فەرهەنگی داگیرکاری عارەبی – ئیسلامی .

هەر لەم پێکیەش ، زمانی لاتین هەمان دەوری بووگە لە جیهانی کریستیانەتی دا و مینا زمانی ئایینی بە سەر هەموو خەڵکی ڕۆژئاوادا داسەپێندرا . ئەڵبەت گەرەکە کو ئەو ڕاستی ژی بێتە قال کرن کو ئی دە لاتین و کریستیان ئەو دڕی و چەتوونیەی عارەبی و ئیسلامی پێوە دیار نیە گۆر بەڵگەهێن دیرۆکی . ماوەیەکی زۆر باشی خایاند هەتاکو گەل و نەتەوەیەل ڕۆژئاوا تاپۆی لاتین (lingua franca) بشکێنن و ئاور بدەنەوە لە زمان و فەرهەنگی نەتەوەیی خۆیان  کە بە (**vernacular**) ناو نرابوو و بواری گەشە کردنی لۆ پرەخسێنن . شیاوی ئاماژەیە ژی کە ئەم فرمانە کە وەکی وەرچەرخانێکی مێژووی لە ژین و ژیاری نەتەوەیی مەردم ڕۆژئاوا تێتە خەملاندن ، بەوە دەستی پێکرد کە تەورات و ئینجیلەکەیان لە لاتینەوە وەرگێرنە سەر زامانەکەی خۆیان . بەم کارە مێژوویی یە ئیدی زمانی نەتەوەیی خۆماڵی هەڵی دایە سەر ئاستی زمانی ئایینی و بابەتە پیرۆزیەک کە هەتا دوێنی تاپۆی لاتین بوو ، درایە زمانی نەتەوەیی . ئەو زمانەی کە هەتا ئیسەیچ پاپ و ڤاتیکان لۆ خۆیان پاراستوە ، وردە وردە لە ژیان و ژیاری مەردم ڕۆژئاوایی سڕایەوە . زۆر جاران پاپ ناچارە کە پەیامەکەی بە چەند زمان بڵاو بکاتەوە کە ئاماژەیەکە لۆ ئەو ڕاستی یە کە لاتین وەکی جاری جاران باوی نەماوە و تاکە زمانی ئایینی نیە .

کێشەی دڕی و تووشی ئیسلام و عاەرب بە بەراوەرد وەگەورد لاتین گەنگەشە کرا . ئاکاری دڕی و هۆڤانەتی ئایینی نەخاسما کێشەی زمانی ئایینی ، جە سەردەما داگیرکرنا ئامریکا لە لایەن ئاورووپای بەناو کریستیانەوە بەو پەڕی خۆی گەیشت و ئاورووپی یەل گۆی هۆڤانەتیان لە عارەب یچ بردەوە لەو کارەساتە فرە قوویل و نامرۆڤانەی کە بە سەر خەڵکە ڕەسەنەکەی ئامریکایان هێنا . سەرقافڵەی ئەو هۆڤانەتیە سپانیەکان بوون و ناوزراوی و بەدناوی و شەرم و شوورەیی مێژوویی یان لۆ خۆ تۆمار کرد . زمانی خوجێیەکانی ئامریکا بەو پەڕی نزمی یەوە سەیر ئەکرا و بەرەو تیاچوون ئەچوون .

دەوری داگیرکاری کۆلۆنیالیزم لە سەرتاسەری گۆی زەوی ، مینایەک دنە کو خویا ئەکاتن کو داگیرکەر و سیاسەتی داگیرکاری ، ئایین و زمانی ئایینی وەکی کەرەسەیەک بە دەستەوە ئەگرن پەی ئارمانجا

داگیرکاری و کاولکاری و تونە کرنا فەرهەنگ و داب و نەریت و زمانی گەل و نەتەوەیەل ژێر دەستیان ، وەکی عارەبان کردیان و دەیکەن لە مێژووی ١٤٠٠ ساڵەیان . گەلێ زمان کە سامانی مێژوویی مرۆڤایەتی بوون ، کەوتنە بەر ئەو پەلامارە نامرۆڤانە و تیا چوون ، ئانکو بە جۆرێک پەراوێز خران و سووک و چرووک کران کە تەنانەت جە ناوبەرا خەڵکە خاوەنەکەیشی پرەو و بایەخی ناماگە . جیهانی مرۆڤایەتی ئەم سەدەمەی ئێمە وێنەی پڕ لە شەرمەزاری مێژوویێکی خوێناوی و پڕ ئازارە و قەتماخەی برینی ئی دە کوور کوور وەپێوەی دیارە . ئافریکا پرپرەی پشتی کۆلۆنیالیزمی شکاند و لە مێژووی مرۆڤایەتی دا تڕۆی کرد ، لێ ئاسەواری قڕێژی کۆلۆنیالیزم هێژ مایە و زمان و ئایینی کۆلۆنیالەکان هێژ جە ئافریکا زاڵە .

مەردم یاری و ئیزەدی جە هەمبەر ئی بەڵا و کارەساتە گاورە و گران و پروکێنەرەدا خۆیان ڕاگرت و سەرکەوتوو و دەرچووی ئەزموونی مێژووی مرۆڤایەتی دەرچوون . ئەگەر کوردیەل موسڵمان دەرفەت و دەرەتانی ئەوەیان پێ درابوو کە بە عارەنی نوێژ بکەن و ڕۆژوو بگرن و زمانەکەی خۆیچیان لە پلەی خوارووتر لە عارەبی وەکار بێنن ، ئیتر ئەو دەرفەتە بە مەردم یاری و ئیزەدی نەئەدرا کە زمانی کوردی مینا زمانی ئایینی دکار بێنن . لۆ کورد موسڵمان ئاسایی بوو کە لەو ئاستە خوارەوە زمانەکی بپارێزێ . لێ ئەم کێشەیە ئەڕای پێرەوان یاری و ئیزەدی باسی سەر بووگە .

وەیشوومەی عارەبی و ئیسلامی ١٤٠٠ ساڵە سەری هەڵداوە . ماکی دێرین و مێژووی ئایینی یاری و ئیزەدی فرە جەو زەمانە کۆنترە . ئەمەش بەو مانایە کە ئەشێ زمانەکەیان هەمان زمانی ئایینی خۆیان لە پێش ئیسلام بووبێت . گەر جە بان ناوەرۆکی دێرینی ئایینی کوردەواری ، یاری و ئیزەدی ، ورد بینەوە لۆمان دەرئەکەفێ کە ئەو ئایینە فرە پێشتر لە سەرهەڵدان و سازکرنا ئایینی زەردەشت وەناو کوردەواری دا باو بووگە . ئەمەش دیسان ئەمان باتەوە بۆ ئەو ڕاستی یە کە زمانی ئایینی کوردیەل بەلانی کەمەوە ئەزقڕێتەڤە لۆ پێش سەر هەڵدانی ئایینی زەردەشتی . ئەو هەوڵ و هەڵپانەی ئەدرێت کە بە تەمانە ئایینی یاری و ئیزەدی ببەستنەوە بە ئایینی زەردەشتی ساسانیەیەل . بێ بنەمانە و لە ڕووی راستی مێژووەوە دوورن و ماک و ناوەرۆکی ئایینی یاری و ئیزەدی ، تەنانەت لە بیچم و شێوازی ئیرۆژیان دا پووچەڵیان ئەکاتەوە . ئەوەش لای شارەزایانی مێژووی زمانی کوردی ئاشکرایە کە زاراوەی سۆرانی ، زاراوەیەکی نوێیە لە چاو هەورامی و کورمانجی . لەم سۆنگەوەیە کە ئاکار و تایبەتمەندی کەونئارای زمانی کوردی ها وەگەرد هەورامی و کرمانجی . باشترین بەڵگەی جێی دڵنیایی و پشت پێ بەستن ئەوەسە هەورامی و کرمانجی چوونە زمانی ئایینی مەردم یاری و ئیزەدی وەک خۆی ماوەتەوە . لەورا دکارین بووشین کە ئایین یاری و ئیزەدی و مەردم یارسان و ئیزدایەتی و نەخاسما ئەو زوانە ئایینی یە کە هەسیان ، ڕەمز و هێمای کەڤنئارایی مەردم کورد و کوردستانە .

## فەرمان لە سەر فەرمان ، پ ک ک و کمۆنیستی ترکان

ماکی کۆنین و کەڤنئارای زمان و ئایین و نرخێن دیرۆکیا مەردم یاری و ئیزەدی هاتە گەنگەشە کرن . ئەڕای کوردیەل و نەخاسما بیرمەندێن کورد کو مشووری بنەما و بنەچەی مێژووی نەتەوەی کورد ئەخۆن و خۆیان پێوە ماندوو گردگە ، ئەشی ڕوون بێت کە ئاوردانەوە لە چاوگە و بەڵگەی کەونئارایی کورد ، واتە مەردم یاری و ئیزەدی ، گرینگی تایبەتی خۆی هەس . خەڵکی کوردستان بە گشتی و بزاڤی سیاسی و نەتەوەیی کورد هەتا ئەم دواییانە لە گوێی گادا نوستبوون ، جە هەمبەر مەردم یاری و ئیزەدی و گرینگی بوونیان چوونە کورد و پشکەک ژ نەتەوەی کورد و کۆمەڵگای کوردەواری . جا با ئیتر ئەو دوژمنایەتی یە کوێرانە و دژە نەتەوەیی یانە کە کوردیەل وەگەرد مەردم یاری و ئیزەدی کردگیانە بوەستێ کە مایەی شەرمەزاری مێژوویی کوردە چوونە نەتەوەیەک . سەردەمی کۆمەڵەی ژ ک بیر و هزری کوردانە لەو ئاستەدا بوو کە دەڤەری یارسان ژ بیر نەکرا و ژ ک پەلی هاوێشتە ئەو دەڤەرە و مەردمەکەیچی نەک هیچیان لە کوردایەتیدا لە هیچ کوردێکی دیکە کەمتر نەبوو ، بەڵکو ئاستیان بەرزتر و گاریگەر تەر بوو . پاش کۆمەڵەی ژ ک و شکان و بەلاڕێداچوون و هەڵدێری بزاڤی نەتەوەیی کورد ، مەردم یارسان و تێکرای کوردیەل دەڤەرەکە ژ بیر کران .

جڤاکا ئێزدایەتی هەمیشە تەڤ بزاڤا نەتەوەیی کورد بووگن و دەوری چالاک و کارایان بووگە لە بزاڤی سیاسی و نەتەوەویی کوردیەل ، نەخاسما ژ دەما شۆرشی باشوور و سەرکردایەتی بارزانی گاورە . سەرەڕای ئەمەش وەک پێویسە و وەک شیاویانە ، سرنج نەدراوەتە بوها و نرخی دیرۆکی و مێژوویان . لە کاتی سەرهەڵدانی دووبەرەکی و شەڕی ناوخۆیی جە باشوور ، کێشە و هەراکە بە شێویەک ڕەنگی بادینی و سۆرانی بە خۆە گرت و بەشی سۆرانیەکەی ، مەردم ئیزەدی ژی وەکی بادینیەکە ئەخەملاند و ئەمەش مینا دووبەرەکی قووڵی نەتەوەیی بە سەر کوردا شکایەوە و لە هەموانیش پتر خوشک و برایێن ئیزەدی خەسارەکەیان چەشت .

گەر لە خۆمانی نەگۆرین و ڕوو راست و سەر ڕاست بین دەگەل خوە ، ئەشی بووشین کە مێژووەکەمان نەک هەر ڕنگین نیە جە هەمبەر مەردم یاری و ئیزەدی ، بەڵکو تاڕادەیەکیش ناشیرین و جێگەی شەرمەزاریە . جە ڕوانگەی مێژوویی یەوە ئەکرێ کە بووشین کە هەڵس و کەوتی کورد بە گشتی وەگەرد هاونەتەوە و چاوگە و سەرچاوەی کەڤنارایی خوە ، تواو کەری ئەو فەرمانە قرێژ و دژە مرۆڤانە بووە کە کراوەتە سەریان . لەم سۆنگەوە ئەشی کورد بە گشتی داوای لێبوردنیان لێ بکەن .

کارەساتی ئەم دواییەی شنگال و فەرمانی قرێژی هۆڤانەکانی عارەبی - ئیسلامی و گەمەی قرێژی سیاسی وە چارەنووس و دۆخی قەیراناویی خەڵکی شنگاڵ ، خویا ئەکاتن کو سیاسی نا سیاسی و ناڕەسەن لە ناو کورداندا ، هێژ بە خۆدا نەهاتوەتەوە . نرخ و گرینگی ئیزدایەتی مەشیا ببوایەتە هۆکاری ئەوە کە هەموو هەوڵێک پەی ڕزگاری شنگاڵ و خەڵکەکەی بخرایەتە کار و هەموو شەڕ و هەرایەکی ناشیرین و بێزهێنەری سیاسی وەلاوە بنرابا . دژ بەم پێداویستیە مێژوویی یە ئەوتا ئەبینین کە پ ک ک جڤاکا ئیزەدی کردوە بە دوو بەشەوە و بە تەمایە وارگەها وان لە کوردستان دابڕی و وەک پارێک لە عێراقی عارەبی لە دژی دەسەڵات و سەروەری نەتەوەیی کورد جە باشوور دەکاریان بهێنێ . ئەم کردە و ڕیبازەی پ ک ک تاوانە و تاوانێکی گاورە و گرانی مێژوویی یە . سازدانی هێزی چەکداری ئیزەدی ژ شنگال لە ڕێزی حەشدی شەعبی عارەبی عیراقی و لە سەر بنەما و بەرژەوەندی شێعەگەری سەفەوەیی عەجەمان و هەرای گەمەی کانتۆن بازی پ ک ک ژ شنگالێ ، بە تەنێ هەڵەی سیاسی نیە ، بەڵکو تاوانی مێژوویی یە لە دژی مێژووی مەردم ئیزەدی و وارگە و دەڤەرا وان . ئەم کار و کردەوەی پ ک ک هەمان کێشەیە کە گەنگەشە کرا و ئەویش ئەوەسە کە تەواو کەری فەرمانی هۆڤانەکای داعشە لە دژی مرۆڤێن ئیزەدی و دیرۆکا وان ێن سەخت و دژوار .

پ ک ک بناوانی ئەم بەزمەیشی لە ناو مەردم یاری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانا هەڵ بەستوە و گۆمان لەوەدا نیە کە بزاڤی کوردێنی لە داهاتوودا تووشی بەزمی پ ک ک ئەرێتەوە لەو بەشەی کوردستان . مەترسی پ ک ک بۆ بزاڤی نەتەوەیی کورد بەرەو قووڵ بونەوە ئەچێت . گۆر بیر و هزری سەرۆکەکەیان پ ک ک ئەشی خۆی لۆ ژیانی سیاسی سەردەمیانە ڕیک بخاتەوە . بەڵان وەک ئوجالان ئاشکرای کرد، پ ک ک لە گرێجەنە ترازوە و بووەتە ئامرازی سیاسی عەجەم و شێعەگەری سەفەوەیی و ڕووداوەکانی ڕۆژئاوا و باکوور لەم دواییانە ، بۆچوونەکەی ئوجالان پشت ڕاست ئەکاتەوە . پ ک ک لەم ڕەوتە پڕ مەترسیدارەدا گەیشتوەتە ئاستێک کە ناو و پێگە و جێگەی ئوجالانیشیان کوێر کردوەتەوە کە هێمایەکی دیارە لۆ مەترسی پ ک ی دوای ئوجالان .

بزاڤی نەتەوەیی کورد و سەرکردایەتیەکەی ، چێوی کەمتەرخەمی و گرینگی نەدان بە جێگە و پێگە مەردم یاری و ئیزەدی ئەخون . پ ک ک ئەو هەلەی قوزتوەتەوە کە بزاڤی کوردێنی لۆی خاڵی کردوە . ئەمەشیان بەو واتا نیە کە گرینگی دانی پ ک ک بە مەردم فەیلی و یاری و ئیزەدی و دانانی تەلەڤیزێونی تایبەتی ئەڕایان و ڕاکێشانی ئەو خەڵکە کە لە هەڵوێستی بزاڤی کوردێنی هێلاک و بێزار بووگن ( مافی خۆشیانە)، لە خۆشەویستی ئەوانە . ئەم کارەی پ ک ک ، لە ژێر سەرکردایەتی کمۆنیستی ترکان ، دەق ئەچێتە ئەو ستراتیژیەی کە کمۆنیستی ئامریکای لاتین دەکاریان هێناگە . مەردم ڕەسەن ئامریکا نەخاسما ئی دە ئامریکای لاتین ، چوونە مەردم یاری و ئیزەدی ببونە و بونەتە ئاماجی ستراتیژی دژە مرۆڤانەی دوژمنانی مرۆڤایەتی و فەرهەنگ و کەلەپووری کەونئارایان . ئەوەی لە سەردەمی ڕەشی وەیشوومە و کارەساتەکەی کۆلۆمبۆ کرا ، کرا . پارەپەرەستان و سووخۆران هەمان ستراتیژیان درێژە پێداوە و ئیسەیچ بەردەوامن . کمۆنیزمی ئامریکای لاتین دەوری تەواو کەری ئەو ستراتیژی و کارەساتە ئەگێرێ کە بەسەر ئەو مەردمە هاتوە . ئەوەندەی کە لە فەرهەنگ و داب و نەریت و خوو و خدەی کەونئارای مەردمەکە ماوە، کەوتوەتە بەر شاڵاوی بیرۆکەی کمۆنیستی و لە ژێر دروشم و گەلاڵەی درۆزنانە بەرەو تیاچوون ئەڕوات . دەوری پ ک ک لە ژێر سەرکردایەتی کمۆنیستی ترکان ، ژ ژیان و ژیاری مەردم یاری و نەخاسما ئیزەدی،

دەقاودەق وەک کمۆنیزمی ئامریکای لاتینە و ستراتیژیان ئەوەسە کە ئەوەندەی کە یاری و یارسانی و ئیزەدی و ئێزدایەتی ماگە لە ناو بەرن گاڤ بە گاڤ . هەنگاوی سەرەکیان ئەوەسە کە یەکەم ئەو خەڵکە رەسەن و کەونئارا لە کۆمەڵگای کوردەواری و بزاڤی نەتەوەیی دابپرن و وەک گوتمان بزاڤی نەتەوەیی بۆ خۆی ئەو دەرفەت و بوارەشی لۆ پ ک ک ڕەخساندوە.

قوولایی بێ بەختی و تاوانی مێژوویی پ ک ک جە هەمبەر ئیزەدی و مێژووەکەیان کاتێک ڕوون تەرتەر ئەبێتەوە کە سرنج بدرێتە ڤێ ڕاستی کو بە تەنێ بوونی ئیزەدی و وارێ وان ژ کوردستانێ لەم سەدەمەدا بەڵگەن لۆ ئەو ڕاستی یە کە ئەم مەردمە بە سەر ئەو ٧٣ فەرمانە مێژوویی و دژە مرۆڤانە دا زاڵ بووگن و خۆیان و تایبەتمەندی مێژوویی ئێزدایەتیان پاراستوە بە بوهایەک گەکەک گران و سەنگین . چرا و تیشکی ڕووناهی تاکانە یەزدان و مەلکێ تاووس هێژ سەر سەرێن مە دایە . ئێک بوون و ئێکەتیا ئیزەدیان و ئاخا وان یێن رەنگین بە تەنێ سامانی کەڤنارای کوردیەل پاراستگە و ئەی پارێزێ ژێ . لێ ئەوە بۆ جاری ئێکەمە کو پ ک ک هەڵپەی ئەویەتی کە ئەو ئیك بوون و یەکگرتویی یەی ئیزەدیان و مالا وان تێک بدات و ئیزەدیان بکاتە پارێک ژ عارەبی دەسکەلای مەلای شێعەگەری سەفەویی عەجەم و شنگال ژێ بکاتە پارەک ژ عێراقی عارەبی . ئەم ستراتیژیە دژە مێژوویی و دژە نەتەوەیی کوردەش لە کاتێکایە کە کورد بەلەز بەرەو سەربەخۆیی گاڤان داوێ .

کاردۆخ

کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان

٢٠١٦/١/٣